# سی فۆر کورد

www.c4kurd.com

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ژمارەی متمانەی (١٦٥)ی پێدراوە

ژمارە 54

C4kurd

A Monthly Magazine Publication on Information Technology

No. (54) 5thYear September 2011

گۆڤارێکی مانگانەی ئەهلییە تایبەتە بە بواری تەکنەلۆژیای زانیارییەکان

ژمارە (٥٤) ساڵی پێنجەم ئەیلول ٢٠١١


## پێکهاتەی سیدی دیاریی لەگەڵ گۆڤار

**بەرنامە باسکراوەکانی ئەم ژمارەیە:**

- فۆڵدەری *Antitrial* بەرنامەیەکی تێدایە لە لاپەڕە 13 باسکراوە.
- فۆڵدەری *Connect* بەرنامەیەکی تێدایە لە لاپەڕە 19 باسکراوە.
- فۆڵدەری *PIXresizer* بەرنامەیەکی تێدایە لە لاپەڕە 20 باسکراوە.

**ئەم دیاریانەشی تێدایە:**

- فۆڵدەری (Flash) بریتیە لە 33 یاری فلاشی جۆراو جۆر.
- فۆڵدەری minigames بریتیە لە 16 یاری بچوکی سەرنجراکێش کە لەسەر زۆربەی کۆمپیوتەرەکان کار دەکات.

## پیرۆز بێت چوارەم ساڵیادی دەرچونی یەکەم ژمارەی سی فۆر کورد

لەم یادەدا پیرۆزبایی لەهەموو خوێنەرانی ئازیزی گۆڤار دەکەین و دەستی یەکە یەکەی نوسەرانی خەمخۆرو ماندوونەناسی دەگوشین. بەهەوڵ و توانای هەمووان سی فۆر کورد بووتە گەنجینەیەکی زۆر بەنرخی بواری رۆژنامەنوسی کوردی تایبەت بە ئای تی یە.


خاوەنی ئیمتیاز:
**شێخ فاتح ئیبراهیم**

سەرنوسەر:
**هێمن فاتح**
مۆبایل: 07504562693
ئیمەیڵ hemn@c4kurd.com

جێگری سەرنوسەر:
**هەردەوان نەقشبەندی**
مۆبایل: 07706449565
ئیمەیڵ harda@c4kurd.com

بەڕێوەبەری نوسین:
**حازم حەمەد جاف**
مۆبایل: 07504664288
ئیمەیڵ hazimjaf@c4kurd.com

دەستەی نوسەران:
**محەممەد ئەبوبەکر**
**مەهدی ئۆمەربلی**
**محەممەد مێرگەیی**
**کاروان دیبەگەیی**
**زەکەریا عەلی**

دیزاین:
گروپی سی فۆر کورد

C4kurd GROUP

ژمارەی حیسابی بانکی:
هەولێر – بانکی سۆران (٥٠٤٧)

نرخی ( ٢٥٠٠ ) دینارە

( ٢٠٠٠ ) دانەی لێ چاپ دەکرێت

لە چاپخانەی (حاجی هاشم) لە چاپدراوە

بۆ ناردنی بابەت و پێشنیار و رەخنەکانتان لە رێگەی ئیمەیڵ:
np@c4kurd.com

# لەم ژمارەیەدا





| | |
|---|---|
| لەچوارەم ساڵیادی سی فۆر کورددا ماڵئاواییەکی کاتیتان لێ دەکەین | 3 |
| بەبێ ئینتەرنێت ئیش لەسەر فەیسبوک بکە | 4 |
| (سیسکۆ) زەبەلاحی نێتۆرکینگ لە جیهاندا | 6 |
| ڕۆژوی ئەلیکترۆنی | 9 |
| پەیوەستکردنی مێشکی مرۆڤ بەکۆمپیوتەرەوە (BCI) | 10 |
| 10 ڕێگا بۆ پاراستنی فەیسبوکەکەت لە هاککردن | 12 |
| چارەسەرکردنی کێشەی ئیشکردنی کاتی بەرنامەکان | 13 |
| Vlookup بۆ دانانی هەڵسەنگاندن بە بەرنامەی ئێکسڵ | 14 |
| ئیمپراتۆریەتی چین لە ئینتەرنێت | 15 |
| ویندۆز 8 هەشت دابنێ و بێخەم بە لە ڤایرۆس!! | 16 |
| هۆکارەکانی بەرزبونەی دەنگی پانکەی لاپتۆپ و چارەسەرەکانی | 17 |
| نرخی ئایفۆن 4 دەبێت بە 200 دۆلار | 17 |
| ڕێگایەکی ئاسان بۆ گواستنەوەی ئینتەرنێت لە کۆمپیوتەرەوە بۆ ئایفۆن | 18 |
| بە ئاسانترین شێوە قەبارەی وێنەکانت بچوک بکەرەوە | 20 |
| شاردنەوەی IP وەك ڕێگایەك بۆ خۆ پاراستن لە هاککردنی کۆمپیوتەرەکەت | 21 |
| سەرەتایەك بۆ فێربونی مایکرۆسۆفت ئەکسس 2007 | 22 |
| لەهەر چرکەیەکدا یەك بەشداربوی ئینتەرنێت زیاد دەبێت | 24 |
| بەکۆڵانەکانی لەندەندا بگەڕێ | 25 |
| شۆڕشی کتێبە ئەلیکترۆنییەکان | 26 |
| دابەزاندنی بەرنامەی فەیسبوک ڕاستەوخۆ لە مۆبایلەکەتەوە | 28 |
| بنچینەکانی ئەی ئێس پی دۆت نێت ASP.Net | 30 |
| ماڵئاوایی نیە، بەڵکو دابڕانێکی کورتە | 32 |


## 10 پەیوەستکردنی مێشکی مرۆڤ بەکۆمپیوتەرەوە (BCI)



## 18 ڕێگایەکی ئاسان بۆ گواستنەوەی ئینتەرنێت لە کۆمپیوتەرەوە بۆ ئایفۆن



## 26 شۆڕشی کتێبە ئەلیکترۆنییەکان



# له چوارەم ساڵیادی سی فۆر کورد دا ماڵئاواییەکی کاتیتان لێ دەکەین

چوار ساڵ لەمەو پێش و لە 18-9-2007 یەکەم ژمارەی سی فۆر کورد کەوتە بەردیدی خوێنەرانی، و مایەی دڵخۆشی بوو کە لەیەکەم چاوهەڵهێنانی بەجیهانی رۆژنامەوانی کوردی پێشوازیەکی زۆر گەرمی لێکرا.

دڵخۆشین تەنها گۆڤارێکی تایبەت بە کۆمپیوتەرین کە بەدرێژایی چوار ساڵ بە بەردەوامی لەخزمەتی خوێنەرانیدا بوین. تەنها گۆڤارێکی ئای تین کە توانیومانە بە پشت بەستن بە توانای خوێنەرو ستافەکەی 54 ژمارە بخەینە بەردەستی خوێنەرانی. کە ئەم ماوەو ژمارەیە، تا رادەیەك سەرکەوتنی گۆڤاری سی فۆر کورد دەردەخات، و کەمن ئەو گۆڤارانەی بە بێ هیچ پاڵپشتیەك بتوانن ئەو ماوە درێژە بەردەوام بن، بەتایبەت لە گۆڤاری کۆمپیوتەریدا نمونەی وامان نیەو سی فۆر کورد سەرمەشقی ئەو کارەیە. هەروەها دڵخۆشین کە بە هەزاران بابەتی جۆراو جۆر، خوێنەرانی و تامەزرۆیانی بواری کۆمپیوتەرمان پڕ زانیاری کردوە.

ئەگەر چاوێك بە 54 ژمارەی سی فۆر کورددا بخشێنین ئەوا دەتوانین بڵێین بە هەوڵی بێ وچان و ماندوو نەناسانەی ستاف و نوسەرەکانی توانراوە گەنجینەیەکی زۆر بەنرخ و بە پێز بخەنە بەردەستی خوێنەرو بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت لە کوردستاندا. کە بە گەورەترین ئەرشیفی ئەم بوارە دادەنرێت و بەهۆیەوە دەتوانرێت زانیاریەکی یەکجار زۆر بەدەست بهێنی، کە ئەمەش شانازیەکی تری ستافەکەیەتی کە توانیویانە ئەو کارە زۆر گرانەی کە نەکراوە تا ئێستا بە ئەنجامی بگەیەنن.

ئەوەی جێگای تێرامان و شادمانیە ئەوەیە، کە تا ئێستاش خوێنەری گۆڤار رۆژبەرۆژ زیاتر دەبێت و ئەوکەسەی تازە ئاشتا دەبێت بە ژمارەیەکی گۆڤار، لەبەر گرنگی هەوڵی ژمارە کۆنەکانی دەدات.

لێرەدا جێی خۆیەتی بڵێین کە سی فۆر کورد لەگەڵ ئەوەی تەنها بۆ 12 ژمارەی بەخشینێکی زۆر متەوازعانەی لە حکومەت وەردەگرت کە بەشی چاپکردنەکەی نەدەکرد و دوایی بە بڕیارێکی حکومەت وەستێنرا، ئیتر 42 ژمارەی لەئەستۆی سێ کەس بوە کە سەرنوسەرو جێگرەکەی و بەرێوەبەری نوسینە. هەر ئەو سێ کەسە کاری هەڵەچن و نەخشەسازی و تێچونی ماددی و سیدی کۆپی کردن و نایلۆن تێگرتن و هەموو ئەوکارانەی تری تایبەت بە گۆڤارەکەیان لە ئەستۆ بوە، کە ئەمە رەنگە لای زۆرێك مەحاڵ بێت و چۆن سێ کەس دەتوانن هەموو لایەنەکانی ئەم گۆڤارە سەرکەوتو و ناوازەیە بۆ ماوەی 4 ساڵ بەرێوەبەرن؟!!

وەڵامەکەی ئاسانەو تەنها حەزکردن بەکارەکەو هەستکردن بەو بەرپرسیاریەتەی کە لە ئەستۆیانە وای لێ کردون بێ ماندوو بون و لێبڕان ئەو کارە ئەنجام بدەن.

دەتوانیت بڵێین لەم چوار ساڵەدا سی فۆر کورد:

- توانیویەتی یەکەم گۆڤاری ئای تی بێت چوار ساڵ بەردەوام بێت.
- یەکەم گۆڤاری ئای تی بێت بتوانێت 54 ژمارەی لێ دەربچێت.
- بەبێ یارمەتی ماددی هیچ لایەك و بێ لایەنانە 4 ساڵ خزمەت بکات.
- تەنها سێ کەس هەموو کارە ئیداری و ماددی و هونەری و زانستیەکەی بەرێوەبەرن.
- توانیویەتی دەستەیەکی نوسەرانی خاوەن ئەزمون بۆخۆی دروست بکات کە خۆبەخشانە کاری نەبڕاوە بکەن و ببنە فاکتەرێکی بەهێز بۆ سەرخستنی ئەم پرۆژە گرنگ و ناوازەی کوردستان.

بەڵام رەنگە پرسیار لێرەدا ئەوە بێت ئەی بۆ ماڵئاوایی دەکەن؟ ئەم پرسیارە ناخۆشترینەو ئەو بڕیارە قورسترینە بۆ ئێمە، کە رۆژێك لە رۆژان و لەو کاتەی کە سی فۆر کورد کەوتۆتە بەر دیدی ئێوە بیر لەم رۆژە نەکراوەتەوە، بەڵام ئەمەش رێگایەکی مەحاڵ نیەو زۆرێك لە گۆڤارو رۆژنامەکانی جیهان و کوردستان پێیدا رۆشتون. بەڵام ئەوەی ئێمە جیاوازە، لە دوو روەوە:

یەکەم: ئێمە بێ ماڵئاوایی یان بێ ئاگادارکردنەوە لێتان دانابڕێین، بەڵکو پێتان رادەگەیەنین کە ئێمە ماوەیەك لە ئێوە دادەبڕێین.

دوهەم: پێتان دەڵێن بەتەواوەتی ماڵئاوایی ناکەین و لە ماوەیەکی تر دێینەوە، ئەوکاتە بە ستایڵێکی نوێ، بە گڕو تینێکی زۆرەوە بەردەوامی بە خزمەتەکەمان دەدەین. رەنگیشە لە هۆکاری ئەم وەستانە کاتیە بپرسن، دەتوانین بە سادەیی بڵێین کە جگە لەوەی زۆربەی ستافەکە بە خوێندنەوە سەرقاڵن و ناشمانەوێت گۆڤار تەنها پڕکردنەوەی پەڕەو خستنەبازاربێت، بەڵکو وەکو هەمیشە دەمانەوێت سی فۆر کورد هەر بە پرۆفیشناڵیەکەی پیشانی ئێوەی ئازیزی بدەین. بێگومان دوای کاتێکی کەم هەمان ستاف بەڵام بە بونی بڕوانامەی بەرزەوە دێینەوە خزمەتتان.

جگە لەوەی کە ئێمە لە رێگەی سایتی سی فۆر کوردەوە بەردەوام دەبین و هەمیشە لەوێ دەماندۆزنەوەو بە بابەت و زانیاری نوێ لەگەڵتان بەردەوام دەبین. سی فۆر کوردی گۆڤار ماوەیەك دوور دەبێت، بەڵام سی فۆر کوردی وێبسایت لەدەرگای پەنجەکانتان دەدات و دەڵێت رۆژانە سەردانی www.c4kurd.com بکەن با چاومان بە چاوتان شاد بێت.

www.c4kurd.com

# بەبێ ئینتەرنێت ئیش لەسەر فەیسبوك بكە



هێمن فـاتـح

رەنگە تا رادەیەك سەردێرەكە نامۆبێت بەوەی كە فەیسبوك سایتێكی (ئینتەرنێت) ە ئیتر چۆن بە بێ ئینتەرنێت كاری لەسەر بكەم؟!!

كارەكە تا رادەیەك ئاسانە و بەهۆی مۆبایلەكەتەوە دەتوانیت كاری خۆت لە فەیسبوك بە ئەنجام بگەیەنیت. ئەمانەی خوارەوە ئەو شتانەیە كە دەتوانیت بیكەیت:

* دەتوانیت لە ڕێگای مۆبایلەكەتەوە بە ناردنی نامەیەكی ئاسایی ستاتوەكەت تازە بكەیتەوە.
* ئەگەر هەركەسێك شتێكت بۆ بنوسێت ئەوا بە نامەیەك ئاگادار دەكرێیتەوە.
* دەتوانیت وەڵامی ئەو هاوڕێیانەت بدەیتەوە كە شتیان بۆ نوسیویت.
* دەتوانیت هاوڕێ زیاد بكەیت.
* نرخی ناردنی هەر نامەیەك تەنها 25 دینارە.
* هەر ژمارەی مۆبایلێك دەنوسیت (كۆرەك، ئاسیا یان زین) هیچ كێشەیەك نیە.


ئەگەر هەر كەسێكمان بیەوێت بەهۆی مۆبایلەكەیەوە ئینتەرنێتی كۆرەك یان ئاسیا بەكاربهێنێت بۆ سەیركردنێكی فەیسبوك ئەوا زیاتر لە 300 دیناری دەڕوات. بەڵام ئەم ڕێگایەی كە دەمانەوێت باسی بكەین تەنها 25 دینار دەبێت و هەمیشەش لە هەر شوێنێك بێت ئاگادار دەبیت چ هاوڕێیەكت شتی بۆ نوسیویت بێ ئەوەی هیچ پارەت لێ بڕوات.

ئەمەی خوارەوە هەنگاوەكانی كارەكەیە:


سەرەتا فەیسبوكەكەت دەكەیتەوە و بەلای دەستە ڕاست كلیك لەسەر Account دەكەیت و Account Setting هەڵدەبژێریت، وەكو لە وێنەكەدا دیارە:





دوای كلیك كردن لەسەر ڕوكارێكی تر بۆ دەردەكەوێت كە دەتوانیت كارەكەتی تێدا بە ئەنجام بگەیەنیت، وەكو ئەم وێنەیەی خوارەوە:




لەلاپەرە تازەكە سەیرێكی لای چەپی پەڕەكە بكە وەكو دەتوانیت وەكو ئەم وێنەیە ببینیت و لەوێنەدا بەشێكی تێدایە بەناوی Mobile و هەوڵ بدە كلیكێك بكە لەسەری ئەوكات لاپەڕەیەكی تری نوێت بۆ دەردەكەوێت و لەوێدا كارێكی تر ئەنجام ئەدەیت وەكو ئەو وێنەیەی خوارەوە:




لێرەدا كلیك لەسەر Add a Phone بكەوە ڕوكارێكت بۆ دێت داوات لێ دەكات كە پاسۆردی فەیسبوكەكەت بنوسیت بۆ ئەوەی بێگومان بێت كە خۆتی، وەكو لەم وێنەیەدا دیارە:




دوای ئەوەی هەمان پاسۆردی فەیسوکەکەت نوسی ئەوکات کلیك لەسەر Confirm بکەو روکارێکی ترت بۆ دەکرێتەوە وەکو ئەو وێنەیەی خوارەوە:





لێرەدا لە بەرامبەر Country عێراق هەڵبژێرە لە خوارەوە یەکێك لە سێ کۆمپانیاکەی مۆبایل هەڵبژێرە و ئێمە لەبەر ئەوەی سیمکارتی کۆرەکمان هەیە بۆیە کۆرەکمان هەڵبژاردوە. (بەشداربوانی ئاسیا کێشەیان هەیە لەم خزمەتەدا)


تێبینی: جارێ کلیك مەکە و سەیرێکی خوار ئەو بۆکسەی کە جۆری کۆمپانیاکەی تیایە بکەو ئەمە دەبینی:





کلیك لەسەر Add your Phone number here بکە بۆ ئەوەی ژمارەی مۆبایلەکەت داخل بکەیت، وەکو ئەم وێنەیەی خوارەوە:





لێرەدا ئاگادار بکە کە ژمارەی مۆبایلەکەمان نوسیوە سفر ی پێش 7 ەکەمان نەنوسیوە، واتە ئەگەر کۆرەك بوو ئەوا تەنها لە 750 دەست پێ دەکەیت بێ سفر و یان ئەگەر ئاسیا بوو دەنوسیت 770 بەم شێوەیە کە نوسرا کلیك لەسەر Continue بکە و روکارێکی ترت بۆ دەردەکەوێت:




ئەم روکارە داوای کۆدێکت لێ دەکات کە لە هەنگاوی پێشوو و دوای کلیك کردن لەسەر Continue نامەیەك بۆ مۆبایلەکەت دێت و کۆدەکەی تێدایە: وەکو چۆن لەم وێنەیەدا دیارە کە نامەیەك هاتوە لە فەیسبوکەوە:




ئەگەر سەیر بکەن هەمان ئەو کۆدەی لە نامەکە بۆمان هاتوە لە بۆکسەکەی سەرەوە نوسیومانە. دوای ئەو کارە کلیك لەسەر Continue بکەو روکارێکی نوێت بۆ دەکرێتەوە:




ئەمکارە گرنگە، یەکەمجار پێویستە کلیك لەسەر چوارگۆشەکەی سەرەوە بکەیت، کە نوسراوە Activate Facebook Text Messages و ئەوکات بەپێی ئەو چوار چێوەیە کە نوسراوە دەبێت نامەیەك بۆ ژمارە 9966 بنێرێت و پیتی کەپیتاڵی F بنێرە.

دوای ئەوە کارەکەت تەواو دەبێت. بۆ ئەوەی ستاتوەکەت یان شتێك لەسەر فەیسبوکەکەت بنوسیت ئەوا تەنها نامەیەك بۆ 9966 بنێرە و یەکسەر لەسەر فەیسبوکەکەت دەردەچێت. ئەگەریش هەرکەسێك وەڵامی بۆ نوسیت ئەوا بە نامەیەك ئاگادارت دەکاتەوە دەتوانیت تۆش هەر بەنامە وەڵامی بۆ بنوسیت. نرخی هەر نامەیەکیش تەنها 25 دینارە.

ئەم کارە وات لێ دەکات کە پێویستت بە ئینتەرنێت نەبێت و هەمیشە بە نرخێکی زۆر کەم ئاگات لە تازەکاری فەیسبوکەکەت بێت.

ئەگەر ویستت کەسێك زیاد بکەیت بۆ نمونە ناوی Ahmad بێت ئەوها دەینوسیت

add Ahmad

www.c4kurd.com






# (سیسکۆ)
# زەبەلاحی نێتۆرکینگ لە جیهاندا

ئەندازیـــار حازم حەمەد جاف

کۆمپانیای سیسکۆ سیستمز (Cisco Systems, Inc) کۆمپانیایەکی ئەمریکی جیهانییە بارەگای سەرەکی لە شاری (سان خوسیە)یە لە ویلایەتی کالیفۆرنیا، تایبەتمەندە لە بواری بەرهەمهێنانی کاڵا و ئامێری نێتۆرک و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و تەکنەلۆژیای گەیاندنی داتاو دەنگ و رەنگ بۆ گشت کۆمپانیا گەورە و بچوکەکانی بواری گەیاندن، و پێشکەشکردنی کاڵاو ئامێری نێتۆرک و ئینتەرنێت بۆ بەکارهێنانی کەسی لە ماڵ و شوێنە بچووکەکان.

سیسکۆ سیستمز بە گەورەترین کۆمپانیای بواری نێتۆرک دادەنرێت لە جیهانداو بەپێی راپۆرتی ساڵانەی خۆی کە لە ویبسایتی فەرمی کۆمپانیا بلاوکراوەتەوە (www.cisco.com) فرۆشیاریان لە ساڵی 2010 گەیشتۆتە (40) ملیار دۆلار کە لەم بڕەدا (7.6) ملیار دۆلار قازانجی ساڵانە بووە. ئەم رێژەیەش بەبەراورد لەگەڵ ساڵی 2009 (11%) زیادی کردووە.

ناوی (سیسکۆ – Cisco) دەگەڕێتەوە بۆ ناوی ئەو شارەی کە کۆمپانیاکەی تێدا دامەزراوە کە شاری (سان فرانسیسکۆ) یە، لۆگۆی کۆمپانیاکەش هێمایە بۆ پردی دەروازەی زێڕین کە ناسراوە بە (Golden Gate Bridge) کە بەیەکێك لە گرنگترین هێما دیارەکانی ئەم شارە دادەنرێت.




## مێژووی کۆمپانیا:

کۆمپانیای سیسکۆ لە ساڵی 1984 لە سەردەستی کۆمەڵێك لە زاناو توێژەرەوەی کۆمپیوتەر لە زانکۆی ستانفۆرد لە سان فرانسیسکۆ دامەزراوە دیارترینیان کە خاوەنی بیرۆکەکە بوون (لیۆنارد بۆساك) و هاوسەرەکەی (ساندرا لیرنەر) بوون کە ئەوکات لە بەشی کۆمپیوتەری زانکۆ کاریان دەکرد، هەروەها (ریتشارد ترۆیانۆ)ش بەشداربوو لەگەڵیان لە دامەزراندنی کۆمپانیا.

سەرەتای کاری ئەم دوو هاوسەرە تاقیکردنەوەیەك بوو بۆ بەستنەوەی دوو نێتۆرکی (Local Area Network-LAN) لە دوو باڵەخانەی تایبەت لەناو حەرەمی زانکۆ لە رێگەی کێبڵەوە بۆ هاوبەشی و گواستنەوەی زانیاری لەنێوان ئەم دوو نێتۆرکە، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستیان بە تەکنەلۆجیایەك

www.c4kurd.com




بوو بۆ هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ پرۆتۆکۆڵەکانی نێتۆرکەکان، لەکۆتاییدا ئەنجامەکەی بەرهەمهێنانی (راوتەری فرە پرۆتۆکۆڵ Multiple-Protocol Router -) بوو کە پشتی بە سیستمێك بەستبوو کە لەلایەن (ولیام یگر) لە ساڵی 1981 دیزاین کرابوو لەماوەی کارکردنی لە زانکۆی ستانفۆرد کە دواتر سیسکۆ لەساڵی 1987 ئەم سیستمەی کڕییەوەو مافی بەرهەمهێنانی بەدەست هێناو بوو بە بناغەی بەرهەمهێنانەی یەکەم سیستمی بەگەڕخستنی کۆمپانیای سیسکۆ کە ناسراوە بە Cisco) IOS) کە تاکو ئێستاش سیسکۆ پشت بەو سیستمە دەبەستێت بۆ بەرهەمهێنانی (راوتەر –Routers ) و (سویچ-Switches )ـەکانی. لەگەڵ ئەوەی کە سیسکۆ یەکەم کۆمپانیا نەبوو کە راوتەری بەرهەمهێنا بەڵام لە یەکەمەکانی بەرهەمهێنەری راوتەر بوو و خستنە بازاڕی بەشێوەی بازرگانی بۆ فرۆشتن و بەدەستهێنانی سەرکەوتنی زۆرباش لەم بوارەدا.

- لە ساڵی 1989 تەنها لە سێ بەرهەمدا و بە 111 فەرمانبەر قازانجی کۆمپانیا گەیشتە 27 ملیۆن دۆلار.
- لە ساڵی 1990 کۆمپانیای سیسکۆ چووە نێو بۆرسەی ئەمریکی (ناسداك- NASDAQ) و کۆدی (CSCO) بۆ دیاریکراو قازانجی گەیشتە 69 ملیۆن دۆلار بە 251 فەرمانبەرەوە، لەهەمان ساڵدا ئیدارەی کۆمپانیا هەستا بە لەسەرکارلادانی ساندرا لیرنەرو لە ئەنجامی ئەمەش هاوسەرەکەی لیۆنارد بۆساك دەستی لەکارکێشایەوە بۆ پاڵپشتی خێزانەکەی، پاشان هەردوکیان هەستان بە دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی خێرخوازی بەو قازانجانەی کە لە کۆمپانیا دەستیان کەوتبوو، دواتر لەیەکتر جیابوونەوە.
- لە ساڵی 1991 کۆمپانیا نوسینگەی خۆی لە ئێکسبریدج لە شاری لەندەن و لەهەمان ساڵدا جۆن چامبرز پەیوەندی بە کۆمپانیاوە کرد بە پلەی جێگری سەرۆکی کۆمپانیا.
- لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو نرخی (پشك – سهم)ی کۆمپانیای سیسکۆ لە بۆرسەدا نزیکەی 14 ئەوەندە بەرزبۆوە و لە ساڵی 2000 دوای شۆڕشی ئینتەرنێت بوو بە یەکێك لە کۆمپانیا هەرە بەهادارەکان و بەهاکەی گەیشتە نزیکەی 500 ملیار دۆلار.

لە ساڵانی رابردوو سیسکۆ هەستا بە کڕینەوەی کۆمەڵێك



کۆمپانیا کە گەیشتە نزیکەی 150 کرداری کڕین لە نێوانیاندا کۆمپانیای بەناوبانگی (Linksys)ی پێشەنگی بواری نێتۆرکی بچووك (ماڵان) بوو کە توانی سیسکۆ لەم بوارەدا زۆر بەرەوپێش ببات لە بازاڕدا، سیسکۆ توانی چەندین تەکنەلۆژیاو پرۆتۆکۆڵات و ئامێری نێتۆرك دابهێنێ و بەرهەم بهێنێ و چەندین ستاندەراتی تایبەت بە خۆی داناوە جیهانی نێتۆرکی گەیاندۆتە ئاستێکی پێشکەوتوو کە

LINKSYS®

ئێستا دەیبینین، بە ڕاستی سیسکۆ لەگەڵ ئەوەی کە خۆی قازانجی کردووە بەڵام لە هەمانکاتدا خزمەتێکی زۆر گەورەی بە مرۆڤایەتی گەیاندووە لە ڕێگەی کارە ناوازەکانی لەبواری نێتۆرکدا. ئێستا سیسکۆ بە پێشەنگی کۆمپانیاکانی بواری نێتۆرك دادەنرێت لە جیهاندا و نزیکەی (72,935) کارمەند کاری تێدادەکات لە بارەگای سەرەکی کۆمپانیاو نووسینگەو لقەکانی لەسەرتاسەری جیهاندا.

## جۆن چامبیرز:

کاتێك باس لە سیسکۆ دەکرێت پێویستە باس لە جۆن چامبیرزیش بکرێت، چونکە ئەم پیاوە بە فاکتەرێکی سەرەکی دادەنرێت بۆ گەیاندنی سیسکۆ بەم ئاستەی ئێستا.



ۆۆن چامبیرز (John T. Cham-bers) سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی و سەرۆکی جێبەجێکار (CEO)ی کۆمپانیای سیسکۆیە. جۆن چامبیرز رۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە بەرەوپێش بردنی سیسکۆو هەر لەو کاتەی لە کۆمپانیا دەست بەکاربووە لە ساڵی 1991 توانی بەهای کۆمپانیا لە 70 ملیۆن دۆلارەوە بەرزبکاتەوە بۆ 1.2 ملیار دۆلار کاتێك کە

پۆستی سەرۆکی جێبەجێکاری وەرگرت لە ساڵی 1995 و پاشانیش گەیاندنی بە بەهای ئێستای کە 40 ملیار دۆلارە، لە ساڵی 2006 پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕیشی وەرگرت جگە لە پۆستەکەی خۆی کە سەرۆکی جێبەجێکاربوو.

لەماوەی کارکردنی لە سیسکۆ لە چەندین گۆڤاری ئەمریکی بە باشترین سەرۆکی جێبەجێکار دیاریی کراوە، و سیسکۆش بە یەکێك لە باشترین کۆمپانیا دیاریکراوە بۆ کارکردن لەگەڵ لە هەریەکە ئەمریکاو بەریتانیاو چین و چەندین وڵاتی تر.

پێش سیسکۆ چامبرز بۆ ماوەی 8 ساڵ لە تاقیگەکانی وانگ لە (1982 تا 1990) کاری کردووەو پێش ئەمیش (6) ساڵ لە کۆمپانیای (IBM)ی بەناوبانگ (1976 تا 1982).

چامبیرزو هەڵگری بڕوانامەی زانستی بزنس و یاسایە لە زانکۆی ڤێرجینیاو بڕوانامەی ماستەر لە بەڕێوەبردنی کار لە زانکۆی ئەندیانا.

## لە گرنگترین بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی سیسکۆ:

سیسکۆ کۆمەڵە ئامێرێکی جۆراوجۆر بەرهەم دەهێنێت لە بواری نێتۆرکدا بەشێوەو توانای جۆراوجۆر بۆ کۆمپانیا گەورەو بچووکەکان، لە گرنگترین بەرهەمەکانی بەرهەمهێنانی راوتەر (Router) و سویچ (Switch)ـە بە شێوەو توانای هەمەجۆر کە سیسکۆ توانیویەتی لەم بوارە سەرکەوتنی زۆر گەورە بەدەستبهێنێت. جگە لەمانە ئامێرەکانی فایەروۆڵ (Firewall) بۆ پاراستنی نێتۆرك و ئامێرەکانی بێ تەل و سیستەمەکانی سەنتەری زانیارییەکان (Data Center). جگە لەمانە سیسکۆ سیستەمەکانی پەیوەندییەکانی دەنگ و رەنگ، و رێکخستنی کۆبوونەوەکان و خزمەتگوزاری بەشداربووان (Customer Care) وەپلیکەیشنەکانی ئامێرەکانی مۆبایل بەرهەم بهێنێت.

هەروەها سیسکۆ بەرهەمەکانی نێتۆرکی ماڵانی هەیە کە خۆیان لە ئامێرەکانی (Linksys) دەبیننەوەو یەکێکی تر لە بەرهەمەکانی سیسکۆ (Cisco ūmi)ـە بۆ پەیوەندییە دەنگ و رەنگیەکان، جگە لە کامێرای گیرفانی (Flip) کە لەلایەن سیسکۆوە بەرهەم دەهێنرێت.

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەو بەرهەمانەی سیسکۆ دەتوانیت سەردانی وێبسایتی فەرمی سیسکۆ بکەیت (www.cisco.com).

سەرەڕای ئەو بەرهەمانەی کە لەسەرەوە باسمان کرد سیسکۆ کۆمەڵێك بەرهەمی سۆفتویری هەیە دیارترینیان سیستەمی بەگەڕخستنی (Internetwork Operating System (IOS)) کە سیسکۆ لە زۆربەی ئامێرەکانی نێتۆرکی خۆی بەکاریدەهێنێت لە راوتەرەکان و سویچەکان




و، سیستەمی بەگەڕخستنی (NX-OS)یـش کە سیسکۆ لە زنجیرە سویچەکانی (Nexus) تایبەت بە سەنتەری زانیارییەکان (Data Center) بەکاری دەهێنێت.

هەروەها ئامرازەکانی هاریکاری وێبکس (WebEx) کە بە باشترین ئامراز دادەنرێت بۆ پەیوەندی و کۆبوونەوەی دەنگی و رەنگیەکان کە زۆر پارەو کات دەگەڕێنێتەوە بۆ کۆمپانیاکان.

سۆفتویری (Packet Tracer)یش بەیەکێك لە بەرهەمە گرینگەکانی سیسکۆ دادەنرێت بەتایبەت بۆ ئەو فێرخوازانەی کە دەیانەوێت بڕوانامەکانی سیسکۆ بەدەست بهێنن لە بوارە جیاجیاکانی نێتۆرکینگ.

## بڕوانامەکانی سیسکۆ:

بڕوانامەکانی سیسکۆ بە گرینگترین بڕوانامەکانی بواری نێتۆرکینگ دادەنرێت لە جیهاندا، بڕوانامەکان بۆ (5) ئاست دابەشدەکرێن:




- سەرەتایی (Entry)
- هاریکار (Associate)
- پیشەوەر (Professional)
- شارەزا (Expert)
- دیزاینەر (Architect)

وە بۆ هەشت ڕێڕەو دابەشدەکرێن:

- راوتەرو سویچەکان (Routing & Switching)
- دیزاینی نێتۆرك (Design)
- ئاسایشی نێتۆرك (Network Security)
- خزمەتگوزاری ئینتەرنێت (Service Provider)

پرۆسەکانی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت (Service Provider Operations)

چارەسەرییەکانی بارکردنی نێتۆرك (Storage Networking)

- چارەسەریەکانی دەنگ (Voice)
- تۆڕەکانی وایەرلێس (Wireless)

## ئەکادیمیای سیسکۆ بۆ نێتۆرکینگ:

ئەمەیان دەستپێشخەریەکی گرنگە لەلایەن سیسکۆوە کە لەمیانەیەوە کۆمەڵێك پرۆگرامی فێرکردن لە بواری نێتورك پێشکەش دەکات بە بەدەستهێنانی بڕوانامەکانی لە گشت بوارە جیاجیاکانی نێتۆرکینگ، تا ئێستا سیسکۆ نزیکەی (10,000) ئەکادیمیای لەسەرتاسەری دونیا بڵاوبۆتەوەو لە نزیکەی 165 وڵاتی جیاجیا، و نزیکەی (1) ملیۆن فێرخواز پەیوەندییان بەو ئەکادیمیانەوە کردووە.

جگە لەمە پرۆگرامە فێرکارییەکان سیسکۆ بوەتە پرۆگرامی خوێندنی زۆرێك لە زانکۆو پەیمانگاکانی جیهان لە ئاستەکانی بەکالۆریۆس و ماستەردا.

سەرچاوە: وێبسایتی فەرمی سیسکۆو چەند سەرچاوەیەکی تر لە ئینتەرنێت.

# ڕۆژوی ئەلیکترۆنی



دیاردەی ڕۆژوی ئەلیکترۆنی، دیاردەیەکی نوێیە لەنێو بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت سەری هەڵداوە، دوای ئەوەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان وەکو سێبەر بەرۆکی بەکارهێنەرانی گرتووەو بەردەوام بەدوایانەوەیە، ئەم دیاردەیە دەبێتە هاریکارێکی باش بۆ دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی ئینتەرنێت و ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان ئەگەر بەشێوەیەکی کاتی و بۆماوەیەکی دیاریکراویش بێت.

بەکارهێنانی بێ ئەندازەی ئینتەرنێت بەتایبەتی وێبسایتە کۆمەڵایەتییەکان بووەتە مۆتەکەو بەکارهێنەرانی توشی جۆرێك لە ئالودەبوون کردووە، خەریکە ئەوانە کات بەشیان ناکات و زۆرێك لەکارە گرنگەکانی ژیانیان پەراوێز خستووە و ئەو کاتە زێڕینەی خۆیان بەهەدەر دەدەن بێ ئەوەی سوودێکی ئەوتۆ لەو وێبساتانە ببینن کە شایەنی ئەو هەموو کات بەفیڕۆدانەبێت. جگە لەمانە خودانە بەکارهێنانی لەرادەبەدەری مۆبایل و یارییە ئەلیکترۆنیەکان و چاتکردن.. کە ئەمانە هەموویان لە جیاتی سوود گەیاندن بە بەکارهێنەران خەریکە ببێتە خۆرەی کات و ژیانیان، بێگومان ئەمانەش لە خراپ تێگەیشتنە لەبەکارهێنانی ئەم تەکنەلۆژیا تازانەی کە ئامانج لە زۆربەیان خزمەتکردنە بە مرۆڤ نەك بە پێچەوانەوە.

هەر لەم ڕوانگەوە ڕۆژنامەنووسی ئەڵمانی کریستۆڤ کوخ لە بەرلین هەوڵدەدات کە (بەرۆژوو) بێت بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی بەواتای وازهێنانی لەبەکارهێنانی ئینتەرنێت و مۆبایل و ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان بۆ ماوەی مانگێك، لەگەڵ ئەوەی کە ئەو پشتگیری لە بەکارهێنانی گشت تەکنەلۆژیاکانی سەردەم دەکات، هەروەکو بە قسەی خۆی ئەو ڕۆژانە فەیسبوك و تویتەرو بەکاردەهێنێت، بەڵام دوای ئەوەی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت لە ماڵەکەی وەستا (بڕیاری دا کە ئەم بیرۆکەیە تاقیبکاتەوە، لەسەرەتادا هەستی بە بێزارییەکی زۆر دەکرد هەروەك چۆن ئالودەبوانی مادده هۆشبەرەکان هەستی پێدەکەن لەکاتی لێبڕانی ماددەکان. لە دوو ڕۆژی یەکەمدا هەستی بە سەرئێشەو بێزاری و توڕەبوونی بەردەوام دەکرد، چونکە ئینتەرنێت ببوە بەشێکی سەرەکی ژیانی ڕۆژانەی وەکو کردنەوەی ئیمەیڵەکانی و گەڕانی لە گوگڵ) وەك کوخ خۆی دەیگێڕێتەوە.

سەرژمێرییەکان ئەوە دەردەخەن کە نیوەی ئەڵمانیەکان ئیمەیڵەکانی کاری ڕۆژانەیان لە ماڵەوە دەخوێننەوە، چونکە لەبەر زۆری ئیمەیڵەکان فریای ئەوە ناکەون لەکاتی کاردا هەموویان بخوێننەوە بۆیە زۆرجار ناچار دەبن تا کاتی خەوتن هەر خەریکی خوێندنەوەو وەڵامدانەوەی ئیمەیڵەکانیان بن. بۆیە کوخ بڕیاری دا کە ئەم جۆرە شێوازە ژیانەی بگۆڕێت و بەلای کەمەوە هەموو هەفتەیەك ڕۆژانی شەممە هیچ جۆرە ئامێرێکی ئەلیکترۆنی و ئینتەرنێت بەکارنەهێنێت.






# پەیوەستکردنی مێشکی مرۆڤ بەکۆمپیوتەرەوە (BCI)

هەردەوان نەقشبەندی ـ مامۆستای زانکۆ

یەکێك لەو تەکنەلۆژیا نوێیانەی لە ئێستادا بووەتە وێردی سەر زمانی زانایان و پسپۆرانی ئای تی بریتییە لە تەکنەلۆژیای (براین کۆمپیوتەر) کە ئەم تەکنەلۆژیایەش بریتییە لە پەیوەست کردنی مێشکی مرۆڤ بەکۆمپیوتەرەوە، هەر بۆ ئەم مەبەسەش بەپێویستمزانی لەرێگای ئەم بابەتەوە تیشکێك بخەمە سەر خاڵە گرنگەکانی ئەم تەکنەلۆژیایە.

لەگەڵ پەرەسەندن و بەرەوپێشچوونی ئامێری کۆمپیوتەر و زیاتر تێگەیشتنی لە مێشکی مرۆڤ زیاتر نزیك دەبینەوە لە گۆڕینی خەیاڵی زانستی بۆ ڕاستی، خەیاڵی ئەوە بکە کاتێك نیشانە و ڕێنمایی کۆمپیوتەر دەنێریت بۆ مێشکی کەسێك یاخود هەڵدەستی بە ئیشپێکردنی کۆمپیوتەر و چاپکردنی ئەوەی دەتەوێت و گەڕان لەناو وێبسایتەکانی ئینتەرنێتدا تەنها پێویستی بە بیرکردنەوەیەك هەیە، کۆمپیوتەریش لای خۆیەوە هەڵدەستێ بەخوێندنەوەی بیرۆکەکانت و بێ دوودڵی بۆت جێبەجێ دەکات. بەدڵنیاییەوە ئەمە خەونێکە کە لە هزری زۆربەماندایەو هەر پێشڕەوییەکیش لەوبوارەدا بێتە ئاراوە بەبیستنی خۆشحاڵ دەبین، لەکاتێکدا هەندێك هەن تەنها بە بیرکردنەوە لەم وەرچەرخانە غەمباردەبن چونکە تەنها بەبیستنی ئەوەی کە کۆمپیوتەر مێشکمان دەخوێنێتەوە و لە فکرمان تێدەگات مانای وایە دەکەوینە ژێر چاودێرییەکی شاراوەوە، بەڵام لەلایەنی تەندروستییەوە ئەو کەسانەی کە توشی نەخۆشییەك و کەموکورتییەك بوون ئەم بابەتە وەك خەونێکی گەورە مەزندە دەکەن. لێرەدا تیشك دەخەینە سەر مەزنترین تەکنەلۆژیا کە ڕەنگە مرۆڤایەتی تاوەکو ئێستا بەخۆیەوە نەیبینیبێت کە ئەویش بیرۆکەی پەیوەستکردنی مێشکی مرۆڤە بە کۆمپیوتەرەوە کە پێی دەوترێت (Brain Computer Interface) کە کورتکراوەکەی بریتییە لە BCI.


هۆکاری توانای گۆڕینی بیرۆکەی پەیوەستکردنی مێشکی مرۆڤ بە کۆمپیوتەرەوە لە خەیاڵی زانستییەوە بۆ ڕاستەقینە ئەوەیە کەمێشك نیشانەی کارەبایی بەکاردەهێنێت بۆ گواستنەوەی زانیاری و ڕێنماییەکان لە مێشکەوە بۆ لەش لەرێگەی تۆڕێکی دەمارەوە، کاتێك مرۆڤ هەڵدەستێت بە بیرکردنەوە یاخود جوڵە یان هەستکردن یان بیرهاتنەوە ئەوا لەوێدا نیشانەی سیگناڵی کارەبایی هەن کە بە مێشکدا تێپەڕدەبن و خێرایی گواستنەوەی نیشانەی کارەباییش لەخانەکانی دەماردا بە 250میل لەیەك کاتژمێردا دەخەمڵێنرێت، نیشانەی کارەبایش بەهۆی جیاوازی ڤۆڵتییەی کارەباییەو دەبێت کە لە خانەکانی دەماردا بەرهەمدێت،




www.c4kurd.com

هەروەکو زانراوە نیشانە کارەبابییەکان لەڕێی تۆڕی دەمارەوە دەگوازرێنەوە بەڵام زاناکان توانیویانە هەندێك لەنیشانە کارەبابیە دزەکردووەکان بخەنە بەردەست. هەر ئەم نیشانانەش کە لەڕێی کۆنترۆڵکردنی ئامێری کۆمپیوتەردا بەکاردەبرێن هەروەها زاناکان بیریان لە ڕێگەی دیکە کردۆتەوە ئەویش ئەوەیە کە هەوڵیانداوە چەند نیشانەیەك بخەنە مێشکەوە کە لەو نیشانانە دەچن کە دەمارەکانی بینین بۆ مێشك دەیانگوێزنەوە بۆ درك پێکردنی وێنەکان بەمجۆرە زاناکان پێشبینی ئەوە دەکەن کە کامێرا بۆ بینینی شتەکان بەکاربێت و لەجیاتی ئەوەش کە لەسەر فلیم یان میمۆری سەیڤ بکرێن ئەوا ئەو کامێرەیە توانای بەرهەمهێنانی نیشانەی کارەبایی هەیە هەروەك ئەوەی کە لەڕیشاڵەکانی بینینی مرۆڤدا بەرهەمدێت و ئەم نیشانەیەش ڕاستەوخۆ دەگوازرێتەوە بۆ مێشك و بەمەش یارمەتی مرۆڤ دەدات لەبینیندا بێ ئەوەی چاوی بەکاربهێنێت.

گەورەترین ڕوبەڕوبوونەوەکان لەمبوارەدا پرۆسەی دۆزینەوەی ڕێگەیەکە بۆ پەیوەندیکردن لەنێوان بەشەکانی کۆمپیوتەر و مێشکدا، سادەترین و ئاسانترین ئامرازیش کە بیری لێبکرێتەوە بەکارهێنانی "Electrode"ـە کە ئەویش بریتییە لە کەرەستەیەکی ئەلیکترۆنی و کۆرتکراوەکەی بریتییە لە (EEG) ئەم ئەلکرۆتە لەتوانایدا نیشانەکانی مێشك بخوێنێتەوە، زاناکان لەبیری ئەوەدان ئەم ئەلیکترۆدە ڕاستەوخۆ پەیوەست بکەن بەمێشکەوە ئەمەش لەڕێگەی پرۆسەیەکی نەشتەرگەری ئاڵۆزەوە کە تیایدا ڕاستەوخۆ ئەلیکترۆدەکە دەخرێتە خواروی مێشکەوە و لەوێ دادەنرێت. بەدڵنیاییەوە ئەم ڕێگایە چەندان کێشەی هەیە گرنگترینیان چینێك لە ڕیشاڵی خوێنینە لەسەر لەسەر ئەلیکترۆدەکە کە وایلێدەکات نەگەیەنەربێت و دوای ماوەیەك لە تێپەڕبوونی کات فرمانەکانی لەدەست بدات سەرەڕای بابەتی وردی ئەلیکترۆد سەبارەت بە مێشك ئەوا بیرۆکەی کارەکەی تایبەتە بە پێوانەی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەجیاوازی پەستانەوە ڕودەدات لەنێوان خانە دەمارییەکاندا ئەم گۆڕانکارییانەش بریتیین لە لەنیشانەی کارەبایی کە گەورە دەکرێن و هەروەها وەردەگێڕێن و تیاندەگەین بەهۆی پرۆگرام و بەرنامەکانی کۆمپیوتەرەوە. هەروەها ڕێگەیەکی دیکەش هەیە بۆ پێوانەی چالاکی مێشك ئەویش لەڕێگەی بەکارهێنانی لەرینەوەی موگناتیسییە، لەرینەوەی موگناتیسیش بەکارهاتووە بۆ بەدەستهێنانی وێنەیەکی ڕون و وردی مێشك و پشت بەم تەکنیکەش دەبەسترێت بۆ دیاریکردنی باشترین شوێن بۆ جێگرکردنی ئەلیکترۆت لە دەماخدا بە ئامانجی بەدەستهێنانی کاریگەری پێویست بەو مایەی ئەگەر بمانەوێت کەسێك کۆنترۆڵی باڵێکی ئەلیکترۆنی بکات ئەوا دەبێت کەسکە بدەیتە بەر ئامێری لەرینەوەی موگناتیسی و داوای لێدەکرێت




کە باڵەکەی بجوڵێنێت ئەو کاتەش ئامێری لەرینەوەی موگناتیسییەکە وێنەی مێشك دەگرێت و ئەو بەشە لەمێشك دەردەخات کە نیشانە داواکراوەکانی بۆ جوڵاندنی باڵە جوڵاوەکە لێوەدەرچووە ئەم بەشەش لەهەموویان گونجاوترە بۆ جێگرکردنی ئەلیکترۆدەکە.

لەگرنگترین بەجێهێنانە سەرسوڕهێنەرەکانی تەکنەلۆژیای (BCI) بەرهەمهێنانی ئامێرەکە کە دەتوانرێت کۆنترۆڵی بەسەردا بکرێت بەهۆی کرداری ئەو بیرکردنەوەی کە لە مێشکدا ڕودەدات، ڕەنگە هەندێك لەم بەجێهێنانە نامۆبن هەروەکو هەستان بەکردەوەیەکی یاریی ڤیدیۆی بە بیرکردنەوە هەروەها یاخود هەڵبستین بە گۆڕینی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن بە بەکارهێنانی بیرکردنەوە. بەجێهێنانی گرنگتر لەمەش کە ئەم تەکنەلۆژیایە لەتوانایدایە دەستەبەری بکات بۆ کەسێکی کەمئەندام ئەوەیە کە بەجوڵاندنی باڵە ئەلکترۆنییەکە یارمەتی دەدات بۆ جێبەجێکردنی چەندکارێك یاخود کارپێکردنی کۆمپیوتەر ئەویش تەنها بەبیرکردنەوە لەو شتەی کە دەیەوێت بیکات. سەرەڕای ئەو هەنگاوە گەورانەی زاناکان بڕیویانە لە ئاست تێگەیشتنی پرەنسیپی بنچینەیی لە پەیوەستکردنی مێشکی مرۆڤ بە کۆمپیوتەرەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کارەکە بەشێوەیەکی ورد ناچێت بەڕێوە بەپێی پێشبینییە گریمانییەکان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك هۆکار بۆ نمونە: مێشك زۆر ئاڵۆزە بەجۆرێك کە هەموو کردار و بیرکردنەوەکانمان بریتین لە نیشانەی کارەبایی کەمێشك بەرهەمیان دەهێنێت، بەڵام بوونی سەدملیار خانەی دەمار لەمێشکی مرۆڤدا هەموو خانەیەکیش نیشانەی کارەبایی وەردەگرێت و دەینێرێت لەڕێی تۆڕێکی ئاڵۆزی گەیاندنەوە ئەمە سەرەڕای ئەو کردارە کیمیاویانەی کە پەیوەستن بە کرداری بیرکردنەوە و بەبیرداهاتن و هەست و سۆز هەموو ئەمانەش وایانکردووە کرداری مێشك زۆر ئاڵۆزبێت. هەروەها یەکێکی دیکەش لە کێشەکان ئەوەیە

www.c4kurd.com

کەنیشانە کارەباییەکان لاوازن گۆڕانکاریش لە جیاوازی پەستاندا زۆر بچوکە بەجۆرێك وایکردووە چاودێری ئەو نیشانە کارەباییانەی بەهۆی مێشکەوە دەردەچن پێویستی بە ئامێرێکی زۆر هەستەوەر هەیە هاوکات کێشەیەکی دیکەی ئەم تەکنەلۆژیایە ئەوەیە کە ئەو ئامێرانەی لە کرداری پەیوەستکردنی نێوان کۆمپیوتەر و مێشکی مرۆڤدا بەکاردێن لە زۆرکاتدا ئامێری وەهان کە گواستنەوەیان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە ئاسان نییە، چونکە پێویستی بە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و وایەری گەیاندنی ئاست بەرزە.

لە کۆتایشدا ماوەتەوە بڵێم تەکنەلۆژیایەی پەیوەستکردنی مێشکی مرۆڤ بە کۆمپیوتەرەوە تاوەکو ئێستا بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە پراکتیزە نەکراوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پسپۆڕانی ئەمبوارە بەردەوام لەهەوڵدان و کۆششی بەردەوامدان تاوەکو بەسەر هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانەدا زاڵبن کە دێتە بەردەمیان، هەر بۆیە زانایانی ئەمبوارە پێشبینی ئەوە دەکەن لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەم تەکنەلۆژیایە بەشێوەیەکی کرداری پراکتیزە بکرێت و بێتە بەرهەم.

# 10 ڕێگا بۆ پاراستنی فەیسبوکەکەت لە هاککردن

فەلاح ئەحمەد علی Kurdish.dude@gmail.com

١-بەهیچ شێوەیەک ناو و پاسۆردەکەت سەیڤ مەکە لە براوسەری کۆمپیوتەرەکەت. لەم کاتەدا دەبێ هەموو جارێک کە چویتە سەر ئینتەرنێت هەموو جارێک ناو پاسۆردی بنوسیت، لەم کاتدا ئەگەر کۆمپیوتەرەکەتیش هاک بکرێ ئەوا ناتوانێ فەیسبوکەکەت هاک بکات.

٢-ئیمەیڵی فەیسبوکەکەت بشارەوە لە ئەکاونتی فەسبوکەکەت. لەبەشی زانیاریەکان. هەندێ جار هاکەرەکان شت دەنێرن بۆ ئیمەیڵەکت.

٣-بەردەوام پاسۆرد بگۆڕە هەر چەند ماوەیەك جارێک. بە هیچ شێوەیەک بەستەرە(لینک) لەکەس وەرمەگرە. واتە بە هیچ شێوەیەک شت لە کەس وەرمەگرە بڵێت ئەمە ڕەسمە یان ئەم سایتە بکەرەوە بە لینک.

٤-با پاسۆردەکەت ژمارەو پیت تێکەڵ بێت سپەیسی تیا بێ. هەوڵ بدە ڕۆژی لە دایکبون، ژمارەی مۆبایل، ژمارەی ماڵ، ناوی مناڵ نەبێت، چونکە ئەوانە ئاسان ئەدۆزرێنەوە.

٥-با پاسۆردی ئیمەیڵەکەت و پاسۆردی فەیسبوکەکەت یەکێک نەبێ.

٦-ئەو کەسەی نەتناسی مەیکە هاوڕێی خۆت. ئەگەر قبوڵیشت کرد دیلیتی بکە، ئەوەش ڕێگایەکە لە کەسی خراپ دوور بکەویتەوە.

٧-ئەگەر گومانت هەیە هاککراویت کۆمپیوتەرەکەت فۆرمات بکە.




٨-هەندێ گروپ کە لایکی لەسەر دەکەی یەکسەر دەتبا بۆ سەر لاپەڕەیەکی تەزویری وەکو فەیسبوک واتە داوای ناو و پاسۆرد دەکات کە داخلی دەکەی یەکسەر دەچێ بۆ ئەو.باشتر وایە کاتێک لایک بکەی کە بچیتە سەر سایتی فەرمی ئەو کەسە لەوێ فەیسبوکەکەی وەرگری. بۆنمونە وەکو سایتی سەرۆکایەتی هەرێم.

٩- ئەگەر سایتی فەیسبوک بەم شێوەیە نەبو ئاگەداربە ناو و پاسۆرد داخل مەکە. facebook.com. لەدوای دۆت کۆمەکەوە ئەگەر شتی زیادە هەبوو ئەوە فەیسبووک نیە، لاپەڕەی تەزویرە.

١٠-لە هەموی گرنگتر ئەوەیە ژمارەی تەلەفۆن دابنێ بۆ سکوێرتی بەڵام بەداخەوە بەشداربوانی ئاسیا ناتوانن، ئەویش پەیوەندی بە ئاسیاوە هەیە.

لەبەشی Account دەتوانیت ژمارەی مۆبایلەکەت زیاد بکەیت.

www.c4kurd.com




# چارەسەرکردنی کێشەی ئیشکردنی کاتی بەرنامەکان




زەکەریا علی محمود - مامۆستای پەیمانگەی کۆمپیوتەری هەولێر
zakaria4it@yahoo.com

بێگومان زۆرێك لە پرۆگرام هەن کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کار دەکەن بۆنموونە لەکاتی دابەزاندنی پێت دەڵێت ئەم پرۆگرامە Trialـە و بۆماوەی 15 ڕۆژ یان 30 ڕۆژ یان دوو مانگ کاردەکات، ئەمەش خۆی لە خۆی دا کێشە بۆ بەکارهێنەر دروستدەکات چونکە زۆرجار ئیش لەسەرپرۆگرامەك دەکەین و لەناکاو پرۆگرامەکە لەکار دەوەستێت و ئاگادارمان دەکاتەوە کە دەبێت پرۆگرامەکە بکڕیت یان پاسوێردەکەی وەربگریت. ئەم کێشەیە تەنیا بۆ پرۆگرامەکان نیە بەڵکو بگرە بۆ زۆربەی یاریەکانی فریە کەلە ئینتەرنێت وەری دەگریت و کێشەت بۆ پەیدا دەکات، بۆ ئەم مەبەستە باسکردنی پرۆگرامی Anti trial پێویستی هەموو بەکارهێنەرێکی کۆمپیوتەرە. ئەم پرۆگرامە هەڵدەستێت بە نەهێشتنی کاتی بەسەر چوونی پرۆگرامەکان و یاریەکان و ...هتد، کە بەشێوەی Trial ن. و یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی ئەم پرۆگرامە ئەوەیە کە قەبارەی زۆر بچووکە ناگاتە 600KB و ڕێگا دەگرێت لەوەی کە پرۆگرامەکان کاتیان بەسەر نەچێت و بۆماوەیەکی دوورو درێژ بەکاری بهێنیت کە نەك 15 یان 30 ڕۆژ بەڵکو بگرە سەدان ڕۆژ دەتوانیت بەکاری بهێنیت، بۆ زانیاریشتان پرۆگرامەکە لەگەڵ ویندۆزی XP و Vista و 7 کاردەکات.

وێنەیەکەی ئەو بەریش ڕووکاری پرۆگرامەکەیە.




پاش ئەوەی کلیك دەکەین لەسەر Add واتە پەرە سپیەکە داوای ناوی ئەو پرۆگرامەمان لێ دەکات کە trial و پاشان دێتە ناو پرۆگرامەکە پاشان کلیك دەکەین لەسەر ئایکۆنە سەوزەکە کە بەمانای دەست بەکاربوون دەکات بۆ نەهێشتنی کاتی بەسەر چوونەکە وەك لەم وێنەیە پیشان دراوە:




پاشان کەمێك چاوەڕێ دەکەین و کارەکە تەواو دەبێت و Trial ی پرۆگرامەك نامینێت.



*تێبینی: بەرنامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری (Antitrial) هەیە.*

## 10 وێبسایتی گرنگی کوردی تایبەت بە هەواڵەکانی کوردستان و جیهان

| | | |
|---|---|---|
| 1 | خەندان | www.xendan.org |
| 2 | هاوڵاتی | www.hawlati.co |
| 3 | ئاوێنە | www.awene.com |
| 4 | کوردیو | www.kurdiu.org |
| 5 | ڕادیۆ نەوا | www.radionawa.com |
| 6 | ڤلین پرێس | www.lvinpress.com |
| 7 | پی یوکەی میدیا | www.pukmedia.com |
| 8 | پەیامنێر | www.peyamner.com |
| 9 | سبەی | www.sbeiy.com |
| 10 | ڕووداو | www.rudaw.net |

www.c4kurd.com



# Vlookup
# بۆ دانانی هەڵسەنگاند بە بەرنامەی ئێکسڵ

mohamad11@gmail.com
محەممەد ئەبوبەکر تۆفیق

کۆدی vlookup لە بەرنامەی ئێکسل بەکار دەهێنرێت بۆ دۆزینەوەی ئەنجامی هەڵسەنگاندن، بۆ نمونە ئەگەر تۆ نمرەی قوتابیانت هەبێت بەتوێت لە خوار 50 بنوسێت کەوتوە لە 50 بۆ 59 بنوسێت پەسەند و هەروەها. ئەوا ئەم کۆدە بە شێوەیەکی زۆر ئاسان کارەکەت بۆ بە ئەنجام دەگەیەنێت بەم شێوەی خوارەوە:

سەرەتا خشتەیەك دروست دەکەین بە بەرنامەی ئێکسڵ بەم شێوە


| | A | B | C | D | E | F | G | H |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ناو | تیکرا یەکەم | نیوەی سال | تیکرای دووەم | تیکرا | کوتای سال | کوتای | هەلسەنگاندن |
| 2 | ئارا | 79 | 44 | 89 | 71 | 69 | 70 | |
| 3 | لارا | 40 | 30 | 33 | 34 | 22 | 28 | |
| 4 | تری | 50 | 60 | 70 | 60 | 50 | 55 | |
| 5 | ئاریا | 99 | 81 | 90 | 90 | 98 | 94 | |

ئەو خشتەی سەرەوە نمرەی قوتابییەکانە بە ژمارە. پاشان خشتەیەکی تر دروست دەکەین بەم شێوەیە

| L | M | N |
|---|---|---|
| 0 | کەوتوو | لە سفرەوە تا ٤٩ کەووتوو |
| 50 | پەسەند | لە٥٠ بۆ ٥٩ پەسەندی بۆ دابنێ |
| 60 | ناوەند | لە٦٠ تا ٦٩ ناوەند |
| 70 | باش | لە٧٠ تا ٧٩ باشە |
| 80 | زۆرباش | لە٨٠ تا ٨٩ زورباشە |
| 90 | نایاب | لە٩٠ تا ١٠٠ بالا |


ئەم خشتەیەیان بریتیە لە هەڵسەنگاندنەکان. لێرەدا هەڵسەنگاندنەکان پێناسە دەکەین. ئێستا ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکە بەم شێوەی دەردەهێنین:

کلیك دەکەین لە Insert پاشان کلیك دەکەین لە function بۆکسیکمان نیشان دەدات بەم شێوەیە:




لێرەدا کلیك دەکەین لەسەر vlookup بۆکسیکی ترمان پیشان دەدات بەم شێوەیە

1. لە خانەی value lookup کلیك لەو خانەیە دەکەین کە نمرەی کوتا واتە ئەنجامی کۆتا دەکەین.
2. لەخانەی Table_array خشتەی هەڵسەگاندن دیاری دەکەین و کلیك لە F4 دەکەین
3. لەخانەی Col_index_num ژمارەی دوو دەنوسین




www.c4kurd.com

پاشان کلیك دەکەین لەسەر Ok بەم شێوەیە دەردەچێت

| | H | G | F | E | D | C | B | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | هەڵسەنگاندن | کۆتای | کۆتای ساڵ | تیکرا | تێکرای دووەم | نیوەی ساڵ | تیکرا یەکەم | 1 |
| | ناوەند | 70 | 69 | 71 | 89 | 44 | 79 | 2 |
| | کەوتوو | 28 | 22 | 34 | 33 | 30 | 40 | 3 |
| | پەسەند | 55 | 50 | 60 | 70 | 60 | 50 | 4 |
| | نایاب | 94 | 98 | 90 | 90 | 81 | 99 | 5 |

له بۆشایی سێیەم ژمارە دوو دەنوسین چونکە ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکە خانەی دووەم ئەگەر هاتوو ژمارە سێ بنوسین ئەوا لە خانەی هەڵسەنگاندن خانەی سێیەم دەنووسیت.

هەروەها بۆچی لە خانەی دووەم کلیکمان کرد لە F4 چونکە نیشانی $ دادەنێیت لە بەردەمی ناوی خانەکانی کە دیارمان کردووە و لەکاتی ڕاکێشانی ستونی خشتەکە جێگر دەبێت.

# ئیمپراتۆریەتی چین لە ئینتەرنێت

ئا: باوکی دیدەن

وڵاتی چین بەیەکێك لە بەهێزترین وڵاتانی جیهان دەژمێردرێت لەبواری سەربازیی و ئابووریی، چین وڵاتێکە کە شوێنی جیهانیی خۆی هەیە و ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە ئابووری و سیاسەتی جیهانیدا، ئەی ڕۆڵی چین لە بواری ئینتەرنێتدا چییە و چۆنە؟ بۆ زانینی ئاستی هێزی بوونی چین لە ئینتەرنێتدا، لەخوارەوە بەگوێرەی سایتی pingdom چەند ژمارەیەکی سادە لەبارەی ڕۆڵێ چین لە ئینتەرنێتدا خراونەتەڕوو:

*لە وڵاتی چین زیاتر لە 485 ملیۆن بەکارهێنەری ئینتەرنێت هەیە.

*ئەگەر (هۆنگ کۆنگ)یش بخرێتە سەر چین، ئەوا ژمارەی بەکارهێنەران بەرزدەبێتەوە بۆ 490 ملیۆن بەکارهێنەر.

*23% ی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە جیهاندا، خەڵکی وڵاتی چینن.

*ئەگەرچی ژمارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت دەگاتە ژمارەیەکی گەورە، کەچی بوونی ئینتەرنێت لە چین لە ڕێژەی 36% تێپەڕناکات بەرامبەر ڕێژەی 78% لە ئەمریکا و ڕێژەی 82% لە بەریتانیا.

*نزیکترین وڵات لە چینەوە لەبواری ئینتەرنێتدا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە ئەویش بە هەبوونی 245 ملیۆن بەکارهێنەر.

*وەگەڕخەری سێرچ و گەڕان-ی یەکەم لە چین بریتییە لە baidu کە لە گەشەپێدانی چینییەکان خۆیانە.

*نزیکەی نیو ملیۆن چینی لە فەیسبوك هەن، ئەمە سەرەڕای قەدەغەکردن و داخستنی لەلایەن حکومەتەوە.

ئەم ژمارانە ئاماژەن بۆ هێزی بوونی چین لە ئینتەرنێتدا، ئەگەرچی هێشتا بڵاوبوونەوەی ئینتەرنێت لە چین بیهێزە، بەڵام ژمارەی بەکارهێنەرانی لە هی زۆر لە وڵاتان بەرزترە. ڕاستە کە ژمارەی دانیشتوانی گەلی چین ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە بەرزیی ژمارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت، بەڵام بڵاوبوونەوەی ئینتەرنێت بەشێوەیەکی سادە لەناو گەلێك کە تا ڕادەیەك بەدەست کەمیی داهات دەناڵێنێت و سەرکەوتنی چین لە بوونی خۆی لەمیانی چەند سایتێکی بەناوبانگەوە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە چین ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە بواری ئینتەرنێتیشدا.




www.c4kurd.com




# ویندۆز 8 دابنێ و بێخەم بە لە ڤایرۆس!!

ئەو مانشێتە بیرکردنەوەی بەرپرسانی کۆمپانیای مایکرۆسۆفتە کە لە ڕۆژی 13 ی ئەم مانگە بە فەرمی ویندۆز 8 ی بێتای خستە بەردەست بەکارهێنەران بۆ تێست کردن و هەڵسەنگاندنی.


مایکرۆسۆفت دەڵێت ویندۆز هەشت دەتوانێت بەبێ بەکارهێنانی هیچ ئەنتی ڤایرۆسێك پارێزگاری لە خۆی بکات. بەڵام ئایا ئەمە تا چەندێك ڕاستە؟ بێگومان لە داهاتوودا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێك لە شارەزایانی بواری سیستمی ویندۆز پێیان وایە هێشتا زووە بۆ ئەو بڕیارە، هەرچەندە بڕوایان وایە ئەگەری سەرکەوتنی ئەم سیستمە تازەیەی مایکرۆسۆفت زۆرە لەبەر چەند هۆکارێك، کە ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن:

* هەموو ئەو بەرنامانەی کە لە نێو ویندۆز حەوت کار دەکەن ئەوا بە بێ کێشە لە نێو ویندۆز هەشتیش کار دەکات. کە ئەمە یەکێکە لە ئاسانکاریەکان بۆ ئەوەی بەکارهێنەرانی ویندۆز زوو بچنە سەر ئەم ویندۆزە تازەیە. چونکە زۆربەی کات نەگۆڕینی سیستم بۆ نمونە لە ویندۆز ئێکس پی بۆ حەوت ئەوەبوە کە هەندێك بەرنامە لە ئێکس پی کاری دەکرد و لە 7 نەیدەکرد. بەڵام ویندۆز هەشت ئەم کێشەیەی نیە.

* تایبەتمەندی Reset and Refresh PC بۆ زیادکراوە، کە هەرکاتێك بتەوێت بەشێوەیەکی زۆر خێرا دەتوانیت کۆمپیوتەرەکەت وەکو یەکەمجار لێ بکەیتەوە کە داتگیرساندوە، ئەمەش بۆ ئەوە باشە کە هەست دەکەیت چەند کاتژمێرێکە کۆمپیوتەرەکەت بە بەردەوامی کار دەکات و ماندوو بوە.

* یەکێکی تر لە تایبەتمەندیە زۆر گرنگەکانی ویندۆز 8 ئەوەیە کە بە هەمان ئەو کۆمپیوتەرانە کار دەکات کە سەپۆرتی ویندۆز 7 دەکەن، واتە ئەگەر ویندۆز 8 دابنێیت پێویست ناکات کۆمپیوتەرێکت هەبێت خێراتر یان تازەتر بێت. کە ئەمەش لەگەڵ دەرچونی هەر ویندۆزێك لە کۆمپانیای مایکرۆسۆفت دەبوایە کۆمپیوتەرێك بەکرا بهێنی بەهێز تر بێت لەوەی پێشوو. بەڵام ئەم ویندۆزە ئەو کارەی ناوێت و بە هەمان کۆمپیوتەری پێشوت کە ویندۆز 7 ی لەسەر بوە کارەکانی بە ئاسایی دەکات.




www.c4kurd.com



# هۆکارەکانی بەرزبونەوەی دەنگی پانکەی لاپتۆپ و چارەسەرەکانی

یەکێك لە کێشە زۆر گەورە هەست پێنەکراوەکانی ئەم لاپتۆپانەی ئێستا لە بازاردا هەیە ئەوەیە کاتێك بەکاری دەهێنین دەنگێکی زۆر بەرز لە پانکەی ژێرەوە دێت و پلەی گەرمی لاپتۆپەکەش زۆر بەرز دەبێتەوە.

رەنگە ئەمە زۆر بە ئاسانی هەستی پێ بکرێت بەڵام تا ئێستا زۆرێکمان نازانین کە ئەم کارە چەندە زیان بە کۆمپیوتەرەکەمان دەگەیەنێت. هەروەها دەبێت ئەوە بزانین کە ئەم کێشەیە زۆرجار دەبێتە هۆی خاوی، جامکردن، و هەندێکجاریش دەبێتە هۆی سوتانی پارچەیەکی لاپتۆپەکەمان.

بۆ ئەم مەبەستەو بۆ ئەوە دوور بین لە زیان و کێشە دەبێت ئاگاداری ئەم خاڵانەی خوارەوە بین:

* هەمیشە هەوڵ بدە لاپتۆپەکە لەسەر شوێنێك دابنێ کە رێگەی هەوا هەبێت لێی بدات لە ژێرەوە. چونکە زۆرجار دەبێتە هۆی زۆر گەرم بون و نەبونی رێگەیەك بۆ ئاڵوگۆری هەوا. بیتەر کناك کە پسپۆری هاردویرە لە پایتەختی ئەڵمانیا دەڵێت ئەگەر هەندێك کات کە کاری قورس بە کۆمپیوتەرەکەت دەکەیت و دەنگی پانکەکەی وا بەرز بێتەوەو بەردەوام بێت لەسەر کارەکەت ئەوە بێگومان دەبێتە هۆی تێکچونی لاپتۆپەکە.

جگە لەمانە لەم کاتانەدا لە سەدا 30% توانای پاتریەکەت کەم دەبێتەوە. هەروەها دەبێت ئەوە بزانیت کە ئەو دەنگە بەرزەی لە پانکەی کۆمپیوتەرەکەتەوە دێت مانای ئەوەیە کە پلەی گەرمای لاپتۆپەکەت زۆر بەرز بوەتەوە.

چیبکەین کاتێك دەنگی پانکەکە بەرز دەبێتەوە؟

* ئاگادار بە لەوکاتەی کە دەنگەکە زۆر بەرز دەبێتەوە کۆمپیوتەرەکەت ئەگەر فۆتۆشۆپ یان یاری یان ئەگەر ئۆتۆکادی کار پێ دەکەیت تا ماوەیەکی کەم دابخەو یان ریستارتی بکەرەوە.

* لەوکاتەدا نەکەی کۆمپیوتەرەکەت تیشکی خۆر لێی بدات، چونکە بەوە گەرمی زیاتر دەکات، یان هەوڵ بدە بیبە شوێنێکی فێنك.

* لەهاویندا کێشەکان زیاتر دەبن، لەبەر بونی پلەی بەرزی گەرما، هەروەها لەوکاتەدا پاتری لاپتۆپەکەت زۆرتر گەرم دەبێت و دەبێتە هۆی تێکچونی بە ماوەیەکی کەم، بۆیە لە هاویندا هەوڵبدە لەزۆربەی کاتەکان کە کارەبا هەیە پاتریەکەی لێ بکەرەوە ئەوکات کار بە لاپتۆپەکەت بکە بەهۆی کارەباوە. ئەمە دەبێتە هۆی پاراستنی زیاتری پاتری لاپتۆپەکەت.

* لەبازاردا زۆرێك لە نوسینگەکانی فرۆشتنی کەلوپەلی کۆمپیوتەر پارچە ئەلەمنیۆمێك هەیە کە لە ژێر لاپتۆپ دادەنرێت، ئەوە دەبێتە هۆکارێکی باش بۆ ساردکردنەوەی لاپتۆپەکەت.

* هەندێك بەرنامەی زیادە هەمیشە کار دەکات لەسەر کۆمپیوتەرەکەت، هەوڵ بدە ئەو بەرنامانە دابخە.

## نرخی ئایفۆن 4 دەبێت بە 200 دۆلار

بە پێی ئەو زانیاریانەی دەست ئاژانسەکانی هەواڵی تەکنەلۆژی کەوتوە لە 5 ی مانگی 10 ی ئەمساڵ کۆمپانیای ئەپڵ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسیدا تایبەتمەندیەکانی ئایفۆن 5 دەخەنە روو و هەروەها دەڵێن کە کۆمپانیای ناوبراو ئەوە رادەگەیەنێت کە لەماوەیەکی زۆر نزیکدا ئایفۆن چوارێکی هەرزان دەخاتە بازارەوە. ئەویش بۆ ئەوەی زیاتر کۆنترۆڵی بازار بکات.

ئەوەی دەرکەوتوە دەڵێن ئەو ئایفۆن چوارە 8 گێگا دەبێت و دوای ئەوەی ئایفۆن پێنج دەکەوێتە بازار ئەویش بڵاو دەکەنەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەی نرخی ئەو ئایفۆنە دیاری نەکراوە، بەڵام زۆربەی بیرکردنەوەکان بۆ ئەوە دەرۆن کە رەنگە نرخەکەی لە 200 دۆلاری ئەمریکی تێ نەپەڕێت.


ئەم هەواڵە جڵی زۆربەی هەوادارانی ئایفۆن خۆش دەکات کە توانای پێدانی 650 دۆلار نین بۆ کرینی ئایفۆنێکی چوار کە ئێستا ئەوە نرخەکەیەتی لە بازاردا.

# ڕێگایەکی ئاسان بۆ گواستنەوەی ئینتەرنێت لە کۆمپیوتەرەوە بۆ ئایفۆن

فەلاح جبار ـ ئەندازیاری کۆمپیوتەر ـ قۆناغی سێیەم
falah.jabar22@yahoo.com



مۆبایلی ئایفۆن یەکێکە لە بەرهەمە ناوازەکانی کۆمپانیای ئەپڵ کەتوانی زۆربەی بازاڕەکانی جیهان داگیربکات و بەکارهێنەرێکی زۆر بەلای خۆیدا رابکێشێت، یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی دانانی بەرنامەو سیم لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە لە بەرنامەی سیدیادا Cydia. لێرەدا باسی چۆنیەتی بەکارهێنانی ئینتەرنێتی کۆمپیوتەر دەکەین بۆ ئایفۆن بۆ ئەوەی ئەو ئینتەرنێتەی هەتانە لەسەر کۆمپیوتەرەکانتان بتوانن لە نێو ئایفۆنەکەشتاندا بەکاری بهێنن بە هۆی بەرنامەی Connectify. سەرەتا کلیکی ڕاست لەسەرئایکۆنی بەرنامەکە بکە run as administrator بکە بۆ دابەزینی بەرنامەکە لەسەر کۆمپیوتەرەکەت پاشان ئەو ویندۆیە دەکرێتەوە کلیک I agree بکە بڕوانە وێنەی 1





وێنەی ١

پاشان بەرنامەکە دادەبەزێت ئەو ویندۆیە دەکرێتەوە تۆش کلیک لەسەرfinish بکە بڕوانە وێنەی 2




وێنەی ٢

ئێستا بەرنامەکە دابەزیوەو کلیک لە ئایکۆنی بەرنامەکە بکە لە خوارەوەی شاشە پاشان وەک وێنەکە ڕێکی بخە بڕوانە وێنەی 3




وێنەی ٣

- ئەو ناوەی کەدەینوسی دەبێتە ناوی وایەرلێسەکە.
- پاسۆردەکەش لە 8خانە کەمترنەبێ.

www.c4kurd.com




• جـــۆری ئـینتـەرنێت ئـــەو ئـینتـەرنێتـەی لـەسـەر کۆمپیوتەرەکەتە.

پاشان بچۆ سەر ئایفۆنەکەت لە setting پاشان wi-fi ئێستا ئایفۆنەکەت ئەو وایەرلێسە ئەدۆزێتەوە کەلەبەرنامەکە دروستـتکردوە پاشـان نـاوی ئـەو وایـەرلێسە هەڵبژێرە کەلەبەرنامەکە نوسیوتە، وریابە وایەرلێسی کۆمپیوتەرەکەت ئەکتیڤ بێت، بروانە وێنەی 4




پاش ئـەوەی نـاوەکـەت هـەڵبـژارد لـە وای فـای لەسەر ئایفۆنەکەت داوای پاسـۆرد دەکـات تـۆش ئـەو پاسـۆردەی لە بەرنامەکە نوسیوتە داخڵی بکە پاشان کلیک لە start hotspot بکە بروانە وێنەی 5

دواتر یەکسەر کۆنێکت دەبێت ئێستا دەتوانیت ئینتەرنێت بەکاربهێنی لەسەر ئایفۆنەکەت.

گرنگ: ئەمکارەی دەتوانرێت سودمەند بیت لێی بۆ گواستنەوەی ئینتەرنێت لە کۆمپیوتەرێکەوە بۆ چەند کۆمپیوتەرێکی تر. واتە دەتوانیت بە یەك ئینتەرنێت چەند کۆمپیوتەرێك بە وایەرلێس بەیەکەوە ببەستیتەوە.



وێنەی ٥

تێبینی:
دەبێت کۆمپیوتەرەکەت وایەلێسی هەبێ. هەروەها ویندۆی 7 لەسەربێ و کۆمپیوتەرەکەت وەک ئەکسس پۆینتێکی لێدێت.

تێبینی: بەرنامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری (Connect) هەیە.

# به ئاسانترین شێوە قەبارەی وێنەکانت بچوك بکەرەوە




یەکێك لە کێشەکانی هێواشی ئینتەرنێت لە کوردستاندا ئەوەیە کە ناتوانین وێنەی قەبارە گەورە ئەپلۆد بکەینە ناو ئینتەرنێتەوە، چونکە قەبارەی زۆری وێنە ئینتەرنێتێکی خێرای ئەوێت.


زۆرجاریش بە ئەو وێنانەی بە کامێرای دیجیتاڵ دەیگرین نزیکەی یەك مێگایە و ئەوەش تا رادەیەك ئەستەمە بەم ئینتەرنێتەی ئێستای کوردستان ئەپلۆد بکرێت، جا ئەگەریش زیاتر لە یەك وێنە بێت ئەوا ئەستەم تر دەبێت.

بۆ ئەم مەبەستە رێگە زۆرە بۆ بچوککردنەوەی وێنە، ئێمە باسی بەرنامەیەك زۆر بچوك دەکەین بۆ ئەوکارە شیاوە بە ئاسانی دەتوانیت کارەکە بە ئەنجام بگەیەنیت.


بەرنامەکە ناوی PIXresizer و تەنها 3 مێگا بایتە.

سەرەتا بەرنامەکە سێت ئەپ بکە و دوای ئەوە ئایکۆنی بەرنامەکە لەسەر دیسکتۆپەکەت زیاد دەبێت.


بە دەبڵ کلیك لەسەری ئەوا ئەم روکارەی خوارەوە دەردەکەوێت:




ئەوەی سەرەوە روکاری سەرەکی بەرنامەکەیە هەموو کارەکانت تەنها لەم روکارەدا دەکەیت. سەرەتا کلیك لەسەر Load Picture بکەو روکارێکی ترت بۆ دەردەکەوێت و داواو لێ دەکات کە ئەو وێنەیەی دەتەوێت دەستنیشانی بکەیت بۆ ئەوەی بچوکی بکاتەوە وەکو لەم وێنەیەدا دیارەوە ئێمە وێنەیەکمان دەستنیشان کردوە:




لێرەدا ئێمە وێنەیەکمان دەستنیشان کردوە ئەوکات لەبەشی خوارەوە چەند جۆرێك قەبارەمان هەیە:




لێرەدا دەتوانیت وێنەکەت بۆ هەرقەبارەیەك بێت بچوکی بکەیتەوە. بۆ نمونە قەبارەی 612*816 باشە بۆ ئەوەی لە ئینتەرنێت دای بنێیت، یان ئەگەر هەر قەبارەکەی گەورە بوو ئەوا دەتوانیت ئەوی تریان هەڵبژێریت.

دوای ئەو کارە لە خوارەوە نوسراوە Save Picture لەوێ کلیك بکە و دەتوانیت وێنەکە لە شوێنێکی تر کۆمپیوتەرەکەت بەناوێکی تر سەیڤ بکەیت.

دوای ئەو کارە سەیر دەکەیت وێنەکەت قەبارەکەی زۆر کەم بوتەوەو بە ئاسانی دەتوانیت ئەپلۆدی بکەیتە ناو ئینتەرنێت یاخود بە ئیمەیل بینێریت.



تێبینی: بەرنامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری (PIXresizer) هەیە.

# شاردنەوەی IP وەك ڕێگایەك بۆ خۆ پاراستن لە هاككردنی كۆمپیوتەرەكەت




محەممەد حەسەن عەلی
stage_four@yahoo.com


لە كاتێكدا كە تەنها سەرەتایەكت هەبێت لە بواری هاك و سكیوریتیدا ئەوا دەزانیت كە زۆربەی هاككەرەكان بۆ هاتنە ناو سیستمی بەرامبەر سوود لە (IP) وەردەگرن . لەم باسەدا باس لە ڕێگایەك دەكەین كە بە هۆیەوە دەتوانیت (IP)یەكت بۆ هەمیشەیی دور لە دەستی هاككەرەكان و بە شێوەیەكی تەواو (IP)كەت بشاریتەوە.

بۆ ئەم كارەش ئەم هەنگاوانە پێویستن:


1. سەرەتا بەرنامەی (RUN) بكەرەوە لە ڕێگەی (Start > Run) پاشان وشەی (MMC)ی تێدا بنوسە. بڕوانە وێنەی خوارەوە





2. لە پەنجەرەی كراوەدا لە مینوی (File)دا بڕۆ بۆ بەشی (add/Re-move Snap-in). بڕوانە وێنەی خوارەوە



3. لە پەنجەرەی كراوەدا كلیك لە (add) بكە . بڕوانە وێنەكەی ئەوبەر:




4 IP Se-ê (curity Policy Management) دەست نیشان بكە و كلیك لە (add) بكە . بڕوانە وێنەی خوارەوە





5. لە پەنجەرەی كراوەدا كلیك لە دوگمەی (Finish) بكە.

6. لە پەنجەرەی (Add Standalone Snap-in) دا كلیك لە دوگمەی (Close) بكە و پاشان لە پەنجەرەی (Add/Remove Snap-in)دا كلیك لە دوگمەی (Ok) بكە.

7. ئێستا لە پەنجەرەی یەكەمدا واتە (Console 1)دا دەبینین كە (IP Security Policy Management) زیاد بووە. بۆ چالاككردنی كلیكی لێ بكە دەبینیت ڕەنگی سەوز دەبێت.


8. ئێستا لە مینوی (File)دا كلیك لە (exit) بكە، ئەو بۆكسەی كە بۆت دێت كلیك لە (yes) بكە و پاشان پەنچەرەیەكت بۆ دێت كە بریتیە لە دیاریكردنی شوێنێك بۆ كارەكە. بڕوانە وێنەی خوارەوە




شیكاری وێنەكەی سەرەوە

1. دیاری كردنی شوێنێك بۆ سەیڤكردنی كارەكەمان.
2. دیاری كردنی ناوێك بۆ كارەكەمان.
3. سەیڤكردنی كارەكەمان.

بەم شێوەیە توانیمان كاریك بكەین كە ئای پی كۆمپیوتەرەكەمان بشارینەوە بەهۆیەوە خۆمان لە هاككردنی كۆمپیوتەرەكەمان بپارێزین، كە ئێستا زۆرێك لە بەكارهێنەری كورد گیرۆدەی دەستی ئەو كێشەیەن.



# سەرەتایەك بۆ فێربونی
# مایکرۆسۆفت ئەکسس 2007

كاروان ڕەشید محەممەد
karwan.computer@yahoo.com


مایکرۆسۆفت ئەکسس یەکێکە لە بەرنامە گرنگانەی کە لە بواری دروستکردنی بنچینەی زانیاریەکان(Database) بەکاردێت کە بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم زانیاریەکانە و بەکارهێنانی ئاسانە و لە گەڵ زۆربەی بەرنامەکانی تردا دەگونجێت بۆ کارکردن، ئەم بەرنامە سوودو گرنگی زۆر زۆری هەیە کە دەبێتە هۆی پاراستنی سەرجەم زانیاریەکان و گەڕانەوەی ماوەیەکی زۆر لە کارکردن بەتایبەت لەم سەردەمەی ئەمڕۆدا کە سەردەمی پێشکەوتنی زانیاریەکانە، لەم سەردەمەدا دروستکردنی داتابەیس بۆ تا جێگەی گرنگی پێدانی سەرجەم کۆمپانیاو مارکێتەکان و شوێنە بازرگانیەکان کە زانیاریەکانیان بۆ کۆدەکاتەوە و کاتیان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەم بەنامەیە سەرکەوتوو ترین بەنامەی داتابەیسە کە زۆر بەکارهێنەرەکان کاری پێدەکەن بۆ ئەم مەبەستە،ئەم بەرنامەیە کۆمەڵێك ڤێرشنی هەیە کە لەسەر ویندۆز کاردەکات، یەکەم سەرکەوتنی کە دەستی پێکرد ساڵی (1992 وە 1995) بو پاشان چەند جۆرێکی تری لێ دروستکرا ئەوانیش ئۆفیسی (1997 - 2000 - 2003 - 2007) و تازەترین جۆریشی بریتیە لە ئۆفیسی (2010) کە وەك ئۆفیسی (2007) وەیە بەڵام بەتاوەوەتی وەك ئۆفیسەکانی تر ئامادەنەکراوە بەڵام کاری پێدەکرێت. لێرەدا باس لە مایکرۆسۆفت ئەکسس 2007 دەکەین، هەوڵ دەدەین زۆرێك لە بەشەگرنگەکانی ئەم بەرنامەیە بخەینە ڕوو

وەك هەموو بەرنامەیەکی تر ئەم بەرنامەیە لەڕێگەی Start > All programs> Microsoft Office> Microsoft Access 2007 دەکەینەوە

ئەم بەرنامە ڕوکارێکی تایبەتی خۆی هەیە وەك وێنەی (1)




کلیك لەسەر فرمانی (New Blank Database) دەکەین بۆ ئەوەی داتابەیسەکەمان زەخیرە بکەین پاشان لە بەشی دەستەڕاست لە (Full Name) ناوێك ئەنوسین کە ئەبێتە ناوی داتابەیسەکە و لە ڕێگەی (Brows)ەوە کە فۆڵدەرێکی زەردە شوێنی زەخیرەکردنەکە دیاری دەکەین پاشان کلیك لەسەر (Create) دەکەین بەم جۆرە فایلەکەمان زەخیرە دەبێت و پێکهاتەی سەرەکی بەرنامەکە دەکرێتەوە وەك وێنەی (2)




پێکهاتەی بەرنامەکە لە کۆمەڵێك لیست پێکهاتووە وەك (Home، Create، Extenal Data، Database Tools، Datasheet )کە هەریەکەیان کۆمەڵێك فرمانی جیاواز و کاری تایبەتیان تیادایە بە پێی پێویستی کارەکان بەکاریان دەهێنین.

بەشە سەرەکیەکانی داتابەیس بریتین لە :

1- TABLES: بەکاردێت بۆ دروستکردنی خشتە کە بنچینەی سەرەکی زانیاریەکان بەکاردێت

2 - QUEREIES : پرسگەیەکە بۆ کرداری ژمێریاری بەکاردێت کە دەتوانین زۆر کاری گرنگی تیادا ئەنجام بدەین

3 - FORMS: بەکاردێت بۆ خستنەڕوی زانیاریەکان لەناو داتابەیسەکەدا بەشێوەی فۆرم کە زانیاریەکانی تیادا داخل دەکەین.


4 - REPORTS: بەکاردێت بۆ خستنە ڕووی زانیاریەکان لەناو داتابەیسەکەدا بەشێوەی ڕاپۆرت و پاشان چاپکردنیان

www.c4kurd.com

5 - MACROS : کۆمەڵێك فرمانی ئامادەکراوە بۆ جێبەجێکردنی ئەوکارانە بەکاردێت کە ئەنجامیان دەدەین.
6 - MODULES: بەکاردێت بۆ نوسینی کۆد لە ڕێگەی تولْی (Visual Basic) وە دەتوانین کاری تیادا بکەین

1 - Tables (خشتەکان) :

ئەگەر بمانەوێت داتابەیس دروست بکەین سەرتا پێویستە زانیاری لەسەر ئەو شوێنە وەربگرین کە داتابەیسەی بۆ دروست دەکەین جا شوێنەکە (کۆمپانیا، شوێنی بازرگانی، مارکێت، دام و دەزگاکان .... ) بێت و زانیاریەکانی ڕێك بخەین تا کارەکەمان ئاسان بێت بۆ دروستکردنی.یەکەم کارمان لەم بەرنامەدا دوای زەخیرەکردن بریتیە لە دروستکردنی خشتە وە خشتە سەرەکیترین بەشە لە بەشەکانی داتابەیس چونکە سەرجەم زانیاریەکان لەڕێگەی خشتەوە داخل دەکرێت و بەبنچینە زانیاریەکان دادانرێت بۆ ئەنجامدانی بەشەکانی تری داتابەیس بۆیە پێویستە سەرەتا کار لەسەر خشتە بکەین و ئەو کارانەی پێویستە ئەنجامی بدەین . خشتە بەچەند جۆر و ڕێگەیەك دروست دەکرێت کە گرنگترین ڕێگەی بریتیە لە دروستکردنی خشتە بە ڕێگەی (Create Table in Design View) چونکە بە دڵی خۆمان ناوی بەشەکان و جۆرەکانی دیاری دەکەین. بۆ دروستکردنی خشتە (11) جۆر Data type مان هەیە کە تایبەتە بە دروستکردنی خشتە پێویستە باش بیان زانین چونکە ئەگەر ئەم جۆرە تایپانە بەهەڵە بنوسین ئەوا لەکاتی کارکردنی داتابەیسەکەدا کێشەمان بۆ دروست دەبێت، تایپەکان وەك لە وێنەی (3) دا دیارە





1. Text : ئەم جۆرە بەکاردێت بۆ هەربەشێك کە پەیوەندی بە نوسینی (پیت،ووشە) وە هەبێت وە دەتوانین هەتا 255 پیت لەم بەشەدا بنوسین.
2. Memo : ئەم جۆرەش تایبەتە بە نوسینی زۆر وەك نوسینی (تێبینی ، ژیان نامە .... ) کە دەتوانین هەتا 65536 پیت بنوسین.
3. Number : بەکاردێت بۆ نوسینی ژمارە.
4. Date /Time : بەکاردێت بۆ دانانی بەرواری ڕۆژ و مانگ و ساڵ لەگەڵ کاتدا.
5. Currency: بەکاردێت بۆ دانانی دراو.
6. AutoNumbe: بەکاردێت بۆ دانانی زنجیرەی ژمارەی واتە نوسینی ژمارەی ڕیزبەندی بەشێوەی ئۆتۆماتیکی
7. Yes / No : بەکاردێت بۆ هەرکارێك کە وەڵامەکەی بە بەڵێ یان نەخێر یان ئەنجامدان و ئەنجام نەدانی کارێك.
8. OLE Object: بەکاردێت بۆ دانانی وێنە و دەنگ و ڕەنگ.
9. Hyperlink : بەکاردێت بۆ بەستنەوەی بەشێك بە شێکی ترەوە.
10. Attachments : بۆ دانانی زانیاریەکان
11. Lookup Wizard : بەکاردێت بۆ پیشاندانی زانیاریەکان بە شێوەی لیست.

لەدوای زانینی ئەم جۆرە داتایانە دەتوانین دەست بکەین بە دروستکردنی خشتە.

دروستکردنی خشتە بە ڕێگەی Design View :

دوای کردنەوەی خشتە بە ڕێگەی (Design) دەچینە سەر بەشی دیزاین ڕوکارەکەی بەم جۆرەی خوارەوە دەردەکەوێت وەك وێنەی (4)





لە بەشی (Field Name) ناوی ئەو فیڵدانە ئەنوسین کە ئەمانەوێت بیکەین بە داتابەیس، لە بەشی (Data Type) جۆری ئەو تایپانە دیاری دەکەین کە پێویستە بۆ ناوی هەریەکە لە فیڵدەکان، لەبەشی (Description) دا ئەتوانین وتێبینیەك باسی ئەو فیڵدانە بکەین کە دامان ناوە تاوەکو زانیاری لەسەر بنوسرێت، لەبەشی (Field Properties) دەتوانین دەسکاری هەریەکە لە تایبەتمەندی فیڵدەکان بکەین.

دوای دروستکردنی خشتەکە کە پێکهاتووە لە چەند


www.c4kurd.com

فیلدێك وەك (ID،Names،Age،Address،Blood group، Phone Number، Photo) هەریەکە لەمانە تایپەکانیان بۆ دادەنێین و لە ڕێگەی فرمانی (Save) وە خشتەکە پاشەکەوت دەکەین، کە بۆ کسێکمان ئەداتێ بۆ ناونانی خشتەکەمان، پاش دانانی ناوەکە و پاشەکەوت کردنی بۆکسێکی ترمان ئەداتێ کە تایبەتە بە دانانی (Primary Key) کە ئەم فرمانە بۆ بەستنەوەی چەند خشتەیەك بەکاردێت لە ڕێگەی فیلدی مەبەستەوە، ئەگەر بمانەوێت بۆ بەشی (ID) دابنێین ئەوا کلیك لەسەر (Yes)




دەکەین وەك وێنەی (5)

پاشان دەمانەوێن ئەو خشتەیە ببینن کە دروستمان کردووە ئەویش لە ڕێگەی فرمانی (View) بە شی (Data Sheet View)وە لە ڕێگەی فرمانی (Design View) ئەتوانین بچینەوە بەشی (Design) و دەستکاری خشتەکە بکەینەوە وەك وێنەی (6)




# لەهەر چرکەیەکدا یەك بەشداربوی ئینتەرنێت زیاد دەبێت

پەیام والی



لەم سەردەمەدا یەك لەسەر هەشتی دانیشتوانی جیهان لەهەرکات و شوێنێك بن سەرقاڵی بەکارهێنانی ئینتەرنێتن. بەپێ ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاشکراکراوە کە ساڵی پار 872 ملیۆن کەس هێڵی ئینتەرنێتیان کارا کردوە کە ئەم ژمارەیە بەرزبونەوەیەکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە بە بەراوردکردن لەگەڵ ساڵی 2009 کە ئەوکاتە ژمارەی بەکارهێنەران 531 ملیۆن کەس بووە.

لە وڵاتە دەوڵەمەندەکاندا لەماوەی یەك چرکەدا یەك کەس بەشداری هێڵی ئینتەرنێت دەکات شایانی باسە لە وڵاتە هەژارەکاندا یەك کە لە 20 کەس بەشداری دەکات.

ڕێژەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێتی مۆبایل لەوڵاتەهەژارەکاندا لەم ساڵانەی دوایدا بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە بەشێوەیەك ساڵانە ڕێژەکە 160% بەرزدەبێتەوە بەتایبەتی دوای ئەوەی کەخەڵك هاتوچۆو گەڕانی زۆربووە نایەوێت خۆی ببەستێتەوە بە هێڵێکی ئینتەرنێتی مانگانەوە بەم هۆیەوە ئینتەرنێتێك هەڵدەبژێرێت کەزۆربەی کات لەگەڵی بێت.

لە ڕاپۆرتێکی نێودەوڵەتیدا ئاماژە بەوە کراوە کە مۆبایل بووە بە ئامێرێك کەلەهەموو شوێنێکدا بوونی هەیە واتا 5 ملیار بەکارهێنەری هەیە . هەروەها لەڕاپۆرتەکەدا باسی ئەوبەراوردە کراوە کەلەنێوان 152 وڵاتدا ئەنجام دراوە جیاوازیەکی زۆربەرچاوکەوتووە لە نێوان ئەو وڵاتانەی کە هێڵی ئینتەرنێتێکی خێرایان هەیە وەك سوید و کۆریای باشورو یابان لەگەڵ ئەو وڵاتانەی ئە ئینتەرنێتێکی زۆر هێواشیان هەیە بەتایبەتی وڵاتانی ئەفریقا.

دەتوانین بڵێین کە کۆریای باشور پێشکەوتووترین وڵاتە لەبواری تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن. دوابەدای ئەویش وڵاتە ئەوروپییەکانی وەك سوید و ئایسلاند و دانیمارك و فینلەندا دێت . جێی سەرسوڕمانە کە ئەمریکا حەڤدەیەمین وڵاتی ڕیزبەندەکەیە لەڕاپۆرتەکەدا ئاماژەبەوە کراوە کە ئەمە بەهۆی ئەوەوەیە کە دانیشتوانی وڵاتانی ئەمریکا کەمتربەشداری هێڵی ئینتەرنێت دەکەن بەبەراوردکردن لەگەڵ وڵاتانی سەرەوەی ڕیزبەندیکە.

لەکۆتایی ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە ئینتەرنێتی (Dial up) بەرەو نەمان ئەچێت و ئاماری بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتی (Facebook) نابێتە پێوەربۆ دەستنیشانکردنی ئاماری بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت چونکە ئەمانی دوو شتی جیاوازن.

www.c4kurd.com

# بەكۆڵانەكانی لەندەندا بگەڕێ!





رۆژێك بیرت لەوە كردووەتەوە كە بە كۆڵانەكانی هەر شارێك لە شارەكانی ئەمریكا و بەریتانیا برۆیت هەروەكو چۆن بە ئۆتۆمبیل پیایدا دەڕۆیت؟


لە ئینتەرنێتدا و بە بێ بەرنامە ئەم كارە دەتوانیت ئەنجام بدەیت. سەرەتا سەردانێكی ئەم لینكە بكە:

http://maps.google.com

دوای ئەوە ئەمەت بۆ دەكرێتەوە:



ئەمە وڵاتی ئەمریكایەو ئێمە بە ماوسەكە هەوڵ دەدەین بچینە سەر نەخشەی بەریتانیا وەكو ئەم وێنەیەدا دیارە و لەندەنمان نزیك كردووەتەوە:




بۆ ئەوەی نەخشەكە ئەوها نزیك بكەینەوە ئەوا پێویستە كلیك لەسەر نیشانەی + بكەین لەلای چەپی نەخشەكە.


كە گەیشتە ئەو رادەیە ئەوكات كلیك لەسەر ئەو ئایكۆنە زەردەی وەكو مرۆڤ وایە دەكەین و بەری نادەین سەیر دەكەین نەخشەكە هەموو شەقامەكانی شین دەبن ئەو كاتەی كام شەقامان ویست دەیخەینە سەر ئەوێ، وەكو لەو وێنەیەی ئەو بەردا دیار دەكەوێت:



ئەو نیشانەی مرۆڤە كە بە ماوسەكە گرتومانە بەری نادەین




و دەیخەینە سەر ئەو شوێنەی كە دەمانەوێت، هەروەكو لە وێنەكەی سەرەوەدا دیار. كە دەستت بەردا لە ماوسەكە ئەوكات كامێراكە دەچێتە ئەو شەقامە. وەكو لەم وێنەیەدار دیارە:



بەم شێوەیە دەتوانیت بە كۆڵانەكاندا برۆیت.

ئەم خزمەتگوزاریە یەكێكە لە خزمەتگوزاریە زۆر سەرنجراكێشەكانی گووگڵە و بە خۆڕایی پێشكەشی خەڵكی دەكات.

ناوی خزمەتگوزاریەكە Google Street وە بە كامێرایەكی چەندین زووم دەگیرێت و بە ئۆتۆمبیلێكەوە بەستراوە و كۆڵانەكان دەگەڕێت و وێنەی هەموو لایەكان دەگرێت.





# شۆرشی کتێبە ئەلیکترۆنییەکان

ئا: محەممەد مێرگەیی
muhamada4@yahoo.com

بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت ئارەزووی بەدەستهێنانی نێوەرۆک و زانیاریی بێ بەرامبەری ماددی دەکەن، خەریکە خوێنەران واز لە کتێبی چاپکراو دەهێنن لەپێناو کتێبی ئەلیکترۆنییدا کە نرخەکەی هەرزانە. توێژینەوەیەك کەوا سەنتەری (بوکر) بۆ خزمەتگوزارییەکانی بڵاوکردنەوە و دامەزراوەی سنووردار بۆ بازارسازیی کتێب ئامادەیان کردووە، وەها دەردەخات کە بەرهەم و ناوەرۆکی بەخۆرایی، خوێنەرانی ئەمریکیی و بەریتانیی هاندەدات بۆ کرینی کتێبە ئەلیکترۆنییەکان. لە توێژینەوەکەدا هاتووە: 15%ی بەشداربووانی توێژینەوەکە دەڵێن: ئاسانی دابەزاندن (داونلۆدکردن) لە وێبسایتەکانی فرۆشتنی تایبەتمەند، پاڵنەری سەرەکییە بۆ کرینی کتێبی ئەلیکترونی، بەڵام ڕێژەی 23%ی بەشداربووان پێیانوایە کە پاڵنەرەکەیان بۆ کرین، هەرزانی نرخی کتێبەکانە بەبەراورد لەگەڵ کتێبی کاغەزیی چاپکراو، هەمان ئەم ڕێژەیەش پەنا بۆ کتێبە ئەلیکترۆنییەکان دەبەن لەبەرئەوەی بەپێچەوانەی کتێبی کاغەزیی، کتێبی ئەلیکترۆنی هیچ ڕووبەرێك لەماڵەوەدا داگیرناکەن.


لەوانەشە هۆکارە زۆر بڵاوەکان لە بەکارهێنانی کتێبە ئەلیکترۆنییەکاندا بریتی بن لە: ئاسانی دابەزاندنیان لە ئینتەرنێت، جێنەهێشتنی هیچ زیانێك بۆ سەر ژینگە و دووچارنەبوون بە تەلەفبوون و لەناوچوون.

تاقیکردنەوە بەر لە کرین

جێگری سەرۆکی سەنتەری (بوکر) کیلی غالاغر، گەشەی بازاری کتێبی ئەلیکترۆنی، بەوە لێکدەداتەوە کە بریتی بێت لە دابینکردنی بەرهەمی نیمچە خۆرایی و بێ بەرامبەر، کە ئەمەش خانەکانی بڵاوکردنەوە و کتێبفرۆشەکانی هانداوە بەرەو بڵاکردنەوەی زێتری بەرهەم و ناوەرۆکی بێ بەرامبەر لەسەر تۆڕی ئینتەرنێتدا، هەروەها دەڵێت: بەکاربەران دەیانەوێت ئەو شمکانە بکرن کە دەتوانن بەر لە کرینیاندا تاقییان بکەنەوە.

لەمانگی کانونی دووەمی 2011دا زیاتر لە 3.3%ی هەوادارانی کتێب لە بەریتانیا هەوڵی کرینی یەك کتێبی ئەلیکترۆنییان داوە، واتە بە ڕێژەی 1% بەرزبۆتەوە بە بەراورد لەگەڵ مانگی ئەیلولی 2010دا، کەچی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا و لەهەمان مانگدا، لە 13%ی عاشقانی کتێب، یەك کتێبی ئەلیکترۆنییان کریوە. واتە بە ڕێژەی 3.9% بەرزبۆتەوە بە بەراورد لەگەڵ مانگی شوباتی 2010دا، کە ئەمەش دەریدەخات بەریتانیا لەسەر هەمان ڕێڕەوی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەڕوات لە فراوانکردنی ڕووبەری بڵاوبوونەوەی کتێبە ئەلیکترۆنییەکاندا.

نرخی کتێبی ئەلیکترۆنی تا ئێستاش زۆر کەمترە لە نرخی کتێبی چاپکراو، بەپێی (بوکر) بە تێکرایی دەتوانرێت دوو کتێبی ئەلیکترۆنی بە نرخی یەك کتێبی کاغەزیی بکردرێت. ڕووماڵێکی دامەزراوەی (بڵاوکردنەوەی تەکنەلۆژی) پێشبینی




www.c4kurd.com



دەکات فرۆشتنەکانی کتێبی ئەلیکترۆنی ڕێژەی 10%ی داهاتی گەورە خانەکانی بڵاوکرنەوەی بەریتانیا لەم ساڵدا پێکبهێنێت و لە ساڵی داهاتوودا ئەم ڕێژەیە دوو ئەوەندە ببێتەوە. دامەزراوەی بازارسازیی کتێب دەڵێت: ژمارەی کتێبی کاغەزیی فرۆشراو لە بەریتانیا لە 344 ملیۆن کتێب بە بەهای 3.76 ملیار دۆلار لە ساڵی 2008دا، دابەزیوە بۆ 339 ملیۆن کتێب کە بەهاکەی 3.5 ملیار دۆلارە لە 2010دا.

بەرزبوونەوەی فرۆشتنەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا

بەپێی کۆمەڵەی بڵاوکارانی ئەمریکی، بەهای فرۆشتنەکانی کتێبی ئەلیکترۆنی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لە مانگی کانونی دووەمی 2011دا گەیشتۆتە نزیکەی 70 ملیۆن دۆلار، بە بەرزبوونەوەی ڕێژەی 115.8% لەگەڵ هەمان مانگی ساڵی ابردوو، هەروەك بە گوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی سایتی for-rester.com فرۆشتنەکانی کتێبە ئەلیکترۆنییەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا گەیشتۆتە 966 ملیۆن دۆلار لە 2010دا. واش پێشبینی دەکرێت بگاتە 3 ملیار دۆلار لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا. بەپێی خانەی بڵاوکردنەوەی (بلومزبیری) کە یەکێکە لە خانە مەزنەکانی وڵاتی ئەمریکا، فرۆشتنەکانی کتێبی ئەلیکترۆنی 18 کەرەت بەرزبۆتەوە لە ساڵی 2010دا و ڕێژەی 10%ی فرۆشتنەکانی پێکهێناوە لەگەڵ زیادبوونی ئەو سەردانکەرانەی کە کتێبە ئەلیکترۆنییەکان داونلۆددەکەن. سەرۆکی جێبەجێکاری خانەی (نایل نیوتون) پێیوایە کە ساڵی 2011 ساڵی کتێبی ئەلیکترۆنی دەبێت.

هەرەشە بۆ سەر کتێبە چاپکراوەکان

سەرەرای ئەوەی کە فرۆشتنەکانی کتێبە ئەلیکترۆنییەکان بەهێواشی دەستی پێکرد، بەڵام بۆتە هەرەشە بۆ سەر فرۆشتنەکانی کتێبە چاپکراوەکان، بە تایبەت دوای زێتربوونی جەماوەریەتی ئامێری خوێندنەوەی ئەلیکترۆنی (کیندلڕ) کە کۆمپانیای بەناوبانگی (ئەمازۆن) لە -فرۆشتنی کتێبی ئەلیکترۆنی-بەرهەمی هێنا و هەروەها دەرکردنی ئامێری (ئایپاد) لەلایەن کۆمپانیای (ئەپڵ)ەوە. بە دانپیانانی خۆی بە گەشەکردنی فرۆشتنەکان و کاریگەری بڵاوکردنەوەی دیجیتەڵی، ڕۆژنامەی (نیویۆرك تایمز) دەستی کردووە بە ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی لیستی فرۆشتنی باشترین کتێبە ئەلیکترۆنییەکان، ئەمەش بەگوێرەی ئەوەی کە ڕۆژنامەکە باسی لێوەکردووە.

ئەم لیستانەش باشترین فرۆشتنەکانی کتێبی ڕۆمان و خەیاڵی و کتێبەکانی تری جگە لە خەیاڵی و زانستی دەگرێتەوە، کە تێیدا پشتی بەستووە بە زانیارییە هەفتانەییەکانی بڵاوکارەکان خۆیانەوە و تۆڕەکانی فرۆشتنی کتێب و فرۆشیارە سەربەخۆکان و دابەشکارانی کتێب لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە، ئەمە سەرەرای سەرچاوەگەلی تر.





# دابەزاندنی بەرنامەی فەیسبوك ڕاستەوخۆ لە مۆبایلەکەتەوە

بروا عمر
brwa92@live.com


وەك ئاشكرایە كەم كەس هەیە بەشداری نەبێت لەفەیسبوك، هەروەها ئەگەر بتەوێت بە شێوەیەكی ئاسان و لەرێگەی مۆبایلەکەتەوە دەتوانیت چات لە نێو مۆبایلەکەتەوە بکەیت. جا بۆ دابەزاندنی ئەو بەرنامەیە ڕاستەوخۆ بە مۆبایل لەئینتەرنێتەوە ویەکسەر کردنەوەی فەیسبوك بەبێ چوونە ناو پرۆگرامی تایبەت بە مۆبایل (وێب).

من ئەم کردارە لەسەر مۆبایلێکی نەوەی سێ یەم ئەنجام دەدەین و بە شێوەیەکی ئاسان و هەنگاو بە هەنگاو روون دەکەینەوە:

سەرەتا وەکو چۆن دەچینە ئینتەرنێتەوە ئەوها بچۆرە ناو ئەکاونتەکەت وئەوئیمەیل و ژمارە نهێنیە بنوسە کە بەشداریت پێکردووە لەفەیسبوك:





پاشان log in دەکەین دواتر کە چوینە ناو ئەکاونتەکەمان دەچینە بەشی خـوارەوەی پەرەکە کلیك لە install facebook on your Nokia and





browser faster دەکەین


پاشان پەرەیەکی تر دەبێتەوە كلیك لە




install now دەکەین




پاشان yes دادەگرین




پاشان continue دەکەین

دواتر بەردەوام دەبین کە وەك بەرنامەیەکی ئاسایی دادەبەزێت لە هەنگاوەکان بەردەوام دەبین.

کە کۆتایی هات، ئەوکات لە ڕێگەی ئەو بەرنامەیەی کە هەتە ڕاستەوخۆ دەتوانیت فەیسبوکەکەت بکەیتەوە چات بکەیت و کارەکانی خۆتی تێدا ئەنجام بدەیت.




www.c4kurd.com

# مالیزیا فۆر کورد

## یەکەمین پێگەی کوردی تایبەت بە خوێندن لە دەرەوەی وڵات

**کەمترین تێچون، ئاسانترین و خێراترین ڕێگا بۆ خوێندن**
**لە زانکۆ بەناوبانگەکانی مالیزیا**

www.malaysia4kurd.com



**پەیوەندی :**
**مۆبایلی مالیزیا**: 0060163347158، **مۆبایلی کوردستان**: 07480159988
**ئیمەیڵ**: malaysiakurd@yahoo.com



# بنچینەكانی ئەی ئێس پی دۆت نێت ASP.Net

هێمن مەلا كەریم بەرزنجی پسپۆڕی ICT و SE

## شێوەی پێكهاتنی لاپەڕەی ئەی ئێس پی دۆت نێت

لاپـەڕەی ئـەی ئێس پی دۆت نێت بە شێوەیەكی سادە پێكدێت لە فایلێكی نووسین Text File، كە بە ناوێكەوە و پاشگری aspx. پاشەكەوت دەكرێت و، هەڵدەگیرێت و، دەپارێزرێت. بۆ نمونە ناوی دەنێین hewal.aspx و ئەم لاپەڕەیە تایبەت دەكەین بە هەواڵ.

ئـەم لاپـەڕەی ئـەی ئێس پیيە ASP.NET پێكدێت لەم بەشانە:

1. ڕێپیشاندەرەكان (ڕابەرەكان) – Directives .
2. دارشتگە و قاڵبەكانی بڵاوكردنەوە و ناساندنی كۆد Code Declaration Blocks.
3. دارشتگە و قاڵبەكانی پێشكەشكردنی كۆد Code Render Blocks.
4. كۆنترۆڵەكانی خزمەتكاری ئەی ئێس پی دۆت نێت ASP.NET Server Control.
5. سەرنج و تێبینییەكانی خزمەتكاری ئەی ئێس پی دۆت نێت ASP.NET Server Comments.
6. تاگەكانی ئێچ تی ئێم ئێل و پیتەكانی نووسین Lit-eral Text and HTML Tag.

نمونە:

```
<%@ Page Language="C#" AutoEventWireup="true" CodeFile="Default.aspx.cs" Inherits="_Default" %>

<!DOCTYPE html PUBLIC "-//W3C//DTD XHTML 1.0 Transitional//EN" "http://www.w3.org/TR/xhtml1/DTD/xhtml1-transitional.dtd">

<html xmlns="http://www.w3.org/1999/xhtml">
<head runat="server">
  <title></title>
</head>
<body>
  <form id="form1" runat="server">
  <div>

  </div>
  <asp:Label ID="Label1" runat="server" Text="Welcome"></asp:Label>
  </form>
</body>
</html>
```

ئەم نمونەیەی پێشوو تەنها یەك ناونیشان Label تیاداهەیە و، تیایدا نووسراوە Welcome

نمونەی لاپەڕەی ئەی ئێس پی لەگەڵ ڤیژوەڵ بەیسك:

```
<%@ Page Language="VB" AutoEventWireup="false" CodeFile="Default.aspx.vb" Inherits="_Default" %>

<!DOCTYPE html PUBLIC "-//W3C//DTD XHTML 1.0 Transitional//EN" "http://www.w3.org/TR/xhtml1/DTD/xhtml1-transi

<html xmlns="http://www.w3.org/1999/xhtml">
<head runat="server">
  <title></title>
</head>
<body>
  <form id="form1" runat="server">
  <div>

  </div>
  </form>
</body>
</html>
```

## ڕێپیشاندەرەكان

ڕێپیشاندەر و ڕابەرەكان Directives یەكێكە لە بەشە سەرەكی و گرنگەكانی لاپـەڕەی ئـەی ئێس پی دۆت نێت ASP.NET Page و، كۆنترۆڵی ڕێپیشاندەرەكان چۆنیەتی وەرگێڕانی Compiled پیشاندەدات. هەروەها ڕێگە بە هێنانە نـاوەوە Import ی ئەو پۆلانە Class دەدات كە پێویستمانە، بۆئەوەی لە كۆدی لاپەڕەی ئەی ئێس پی دۆت نێت ASP.NET Page code دا، بەكاربهێنرێت.

هەر ڕێپیشاندەرێك بە <%@ دەست پێدەكات و، بە دووای دا ناوی ڕێپشاندەرەكە و هەندێك لە سیفەتە تایبەتەكان Attributes و نرخەكانیان لە خۆدەگرێت و، هەر ڕێپیشاندەرێك بە %> كۆتای دێت.

نمونەی ڕێپشاندەری سی شارپ:

```
Page Language="C#" AutoEventWireup="true" CodeFile="Default.aspx.cs" Inherits="_Default" %>
نمونەی ڕێپشاندەری ڤیژوەڵ بە :
Page Language="VB" AutoEventWireup="false" CodeFile="Default.aspx.vb" Inherits="_Default" %>
```

## دارشتگە و قاڵبەكانی بڵاوكردنەوە و ناساندنی كۆد

ئـەو دارشتگە بـڵاوكـراوانـەی كـۆدن كە بەكاردەهێنرێن بـۆئـەوەی هـەمـوو جێبەجێكردنە ژیرێژییەكان (لۆجیك Logic) لە خۆبگرێت، ئەم جێبەجێكردنە لۆژیكیانە پێناسەی هەمیشە گۆڕاوەكان Variables و نەخشەكان (ڕێگە – مێسۆد) Function و Subroutine و .... پێناسە دەكات. ئەم دارشتگانە دانراون لە نێوان سكریپت تاگ <script> لەگەڵ سیفەتی تایبەتی "runat="server واتە script> "runat="server>" و تـاگـی داخـسـتـنـەوەی سكریپت </script>.

نمونەی سی شارپ:

```
<script runat="server">
protected void Page_Load(object sender, EventArgs e)
 {
  //set the label text to the current time
myTimeLabel.Text = DateTime.Now.ToString();
 }
</script>
```

نمونەی ڤیژوەڵ بەیسك:

```
<script runat="server">
 Protected Sub Page_Load(ByVal sender As Object.
  ByVal e As System.EventArgs)
 'set the label text to the current time
myTimeLabel.Text = DateTime.Now.ToString()
End Sub
</script>
```

### سەرنج و تیبنی لە سی شارپ و ڤیژوەڵ بەیسکدا

سەرنج و تێبینی بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوەی شتێك دەنووسرێت، هیچ كاریگەرییەکی نابێت بۆ سەر كۆدەكە و، تەنها بۆ ڕوونکردنەوەیە و، هیچی تر. ئەم سەرنج و تێبینیانە بە گوێرەی زمانەکانی بەرنامەسازی شێوە ی نووسین و ڕستەسازییەکانیان Syntaxes جیاوازە.

لە ڤیژوەڵ بەیسکدا، تاك فاریزەی سەرەوە Single Quote بەکاردەهێنرێت بۆ نووسینی سەرنج و تێبینی، کە بە دووای نووسینی تاك كۆمای سەرەوە Single Quote (') دا، سەرنج وتێبینییەکە دەنووسرێت.

'The label text

بەڵام لە سی شارپ C# دا، نووسینی سەرنج و تیبنی بەهۆی // دەبێت:

//the label text

لە سی شارپ C#دا، ڕێگەی تریش هەیە بۆ نووسینی ئەو سەرنج و تێبینیانەی کە لە دێڕێك زیاترن، بەم شێوەیە:

/*Comment For Multiple Line*/

### سیفەتە تایبەتییەکانی تاگی سکریپت

تاگی سکریپت <script> دوو سیفەتی تایبەتی و نرخەکانیان قبووڵدەكات، کە ئەوانیش زمان language و src یە و، بەهۆی سیفەتی تایبەت زمانەوە دیاریمان کردووە کە چ زمانێك بەکاردەهێنین و، دەشتوانین چەند زمانێك بەکاربهێنین کە بەهۆی ئەم سیفەتی تایبەتی زمانەوە language attribute دیاری دەکەین.

نمونەی سی شارپ:

<script runat="server" language="C#">

نمونەی ڤیژوەڵ بەیسك:

<script runat="server" language="VB">

پێویستە هەر لاپەڕەیەك، بەیەك زمان (ڤیژوەڵ یان سی شارپ) بنووسرێت و، گونجاو نییە دووزمانی سی شارپ و ڤیژوەڵ تێکەڵ بکەین بۆ هەمان لاپەڕە Same Page.

سیفەتی تایبەتی دووەم، بریتییە لە src کە ئامادەیە بۆ دیاری کردنی كۆدی دەرەکی External Code کە لەناو لاپەڕەی ئەی ئێس پی دا بەکاردێت.

نمونەی سی شارپ :

<script runat="server" language="C#" src="codefile.cs">

نمونەی ڤیژوەڵ بەیسك :

<script runat="server" language="VB" src="myfile.vb">

### داڕشتگە و قاڵبەکانی پێشکەشکردنی كۆد

دەتوانین داڕشتگە و قاڵبەکانی پێشکەشکردنی كۆد Code Render Blocks بۆ پێناسەکردنی دێڕە كۆد Inline Code یان گوزارشتەکان Expression کە جێبەجێدەبن كاتێك ئەو لاپەڕەیە پێش کەشدەکرێت و بۆی دەگێردرێتەوە. Inline Code Render Block بریتییە لە جێبەجێبوونی دەربڕین و ڕستەیەك، یان زیاتر لە دەربڕین، و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ناو لاپەڕەی ئێچ تی ئێم ئێل دا، دانراوە، لەنێوان <% و %> دا، بڕوانە نمونەکان:

نمونەی سی شارپ:

<% string Title = "This is generated by a code render block."; %>

نمونەی ڤیژوەڵ بەیسك :

<% Dim Title As String = "This is generated by a code render block." %>

شێوەی Inline Expression Render Block، دەتوانێت بەراوردی وەڵامەکان بکات و، ئەم شێوەیە لە ئەی ئێس پی كۆن ASP Classic دا دەنووسرێت و، بە <%= دەستپێدەکات و بە %> كۆتای دێت، بۆ مەبەستی پیشاندانی نرخەکانی هەمیشە گۆڕاوەکان و ئەنجامەکانی ڕێگاکانیش Result of method بەکاردێت لە لاپەڕەکان دا. نمونەی سی شارپ :

<%= Title %>

نمونەی ڤیژوەڵ بەیسك :

<%= Title %>

### کۆنترۆڵەکانی خزمەتکاری ئەی ئێس پی دۆت نێت

هەرلاپەڕەیەکی ئەی ئێس پی دۆت نێت، بەپێی پێویست، کۆنترۆڵەکانی خزمەتکار Server Controls تێدایە، کە دانە داینەمیکییەکان Dynamic Element پیشانددات، کە بەکارهێنەر سودیان لێوەردەگرێت و بەکاریان دەهێنێت. سێ جۆری بنچینەی (کۆنترۆڵی خزمەتکار – Server Control) هەیە، بەم شێوەیە:

1. کۆنترۆڵەکانی ئەی ئێس پی دۆت نێت ASP.NET Controls .
2. کۆنترۆڵەکانی ئێچ تی ئێم ئێل HTML Controls.
3. کۆنترۆڵەکانی بەکارهێنەری وێب Web User Controls .

www.c4kurd.com




باوکی هێڤار

#ماڵئاوایی نیە، بەڵکو دابڕانێکی کورتە

عەزیزانی رایت کلیك، ئەم رایت کلیکەمان چەند زانیاریەکمان پێ ئەدات کە ئەزانم لای هەموان ناخۆشەو رەنگە دڵی زۆرێکمان تەنگ بکات، هەروەکو چۆن ئێستا دڵی من هەر زۆر زۆر تەنگە.. من پێتان ناڵێم ماڵئاوایی دەکەین لێتان، چونکە سی فۆر کورد تەنها بۆ ماوەیەکی کەم لێتان دوور ئەکەوێتەوە.

من بیرم دێت چوار ساڵ لەمەو پێش سەرنوسەرو جێگرەکەی و بەڕێوەبەری نوسین لە باخی روناکی لە ئیسکان دانیشتن و قەراریان دا کە سی فۆر کورد لە سایتەوە بکەنە رۆژنامەیەکی ئای تی. ئەوکارە لەسەر چیمەنەکانی ئەو باخەوە دەستی پێکردو لەماوەی چوار ساڵی بەردەوامدا روناکی ئەبەخشێتە جیهانی ئای تی. زۆرم حەز کرد ژمارەی بابەتەکان و نوسەرەکان و هەواڵەکانی ئەو ٥٤ ژمارەتان بە ژمارە پێتان بڵێم بەلآم بەخۆم وت خۆ ماڵئاایی یەکجاری نیە ئیتر بۆچیەتی. بەلآم لای هەموتان دیارو ئاشکرایە لەماوەی ٤ ساڵدا ٥٤ ژمارەی سی فۆر کورد زۆرترین خزمەتی لە بواری کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت و مۆبایل کردوە.

ئاخر سی فۆر کورد بوو کە نوسەرەکانی بێ هیچ بەرامبەرێك کە زۆرجار دەستخۆشیانیش لێ نە دەکرا هەر بەردەوام بون، چونکە هەموویان خۆیان بە خاوەنی سی فۆر کورد دەزانی، ئیتر کێ دەستخۆشی لە کێ بکات؟!!

من ئاگادار بم یان ئاگادار نەبم لە ئەم وەستانە موەقەتەی سی فۆر کورد، بەلآم ئەوەندە ئەزانم پشت بە خوا هەر دێتەوە لاتان و بە ئێوە دڵخۆش دەبێتەوە. چونکە ئەمە پێویستیەکی حاشاهەڵنەگری ئەم کاتەی رۆژنامەگەری کوردیە.

رەنگە بۆ مەوزوعی وا ناخۆش زۆر قسەم پێ نەبێت و هەمووی کرچ و کاڵ دەربچێت، بەلآم نەشمتوانی لەم عەددە هیچ نەنوسم. ئەمەوێت پێتان بڵێم دڵخۆش بوم کە ئەوەی بینیموەو ناسیومە وتویانە یەکەمجار ئێمە ئاخر لاپەڕەی سی فۆر کورد دەکەینەوە تا هەم کەمێك پێ بکەنین و هەم بزانین وەزعی دنیا چ باسە. ئەمە شانازیەکی زۆرە بۆ ئەم گۆشەیە، کە توانیویەتی ببێتە جێگەی رەزامەندی ئێوە.

عەزیزەکان خەمتان نەبێت ئەگەر جێگەم بکەنەوە ئەوە لەناو سایتی سی فۆر کوردیش بەشێك بۆ خۆم پەیا ئەکەم و هەر بەردەوام ئەبم لەگەڵتان، چونکە هەر حەز ئەکەم لەگەڵتان بم و زوو زوو بتان بینمەوە. ئەگەر بەشێکیشیان نەدامێ هەوڵ بدەن واستەیەکم بۆ بکەن :)

لە دوا قسەم حەز ئەکەم ئەوەتان لێ نەشارمەوە کە ئەو کارەی ئەم گۆڤارە کردویەتی لە ماوەی ئەم چوار ساڵە کارێکی زۆر دەگمەنەو نەکراوە، بەلآم لەبەر ئەوەی ستافەکەی حەزیان لە هاشەو هوشە نەکردوەو هەر بە بێ دەنگی کارەکانیان کردوە، ئەمەش بۆ ئەوە بوە کە کاریان کردوە بۆ ئەوەی خزمەت بکەن، نەك بناسرێن، هەر بۆیە کاریان جوان و پرۆفیشناڵ بوەو هەمیشە لێبڕاو بون بۆ ئەوەی لە مانگی داهاتوو سی فۆر کوردێك پێشکەش بە ئێوە بکەن کە شایەنی ئێوە بێت.

زۆر ناخۆشە مانگی داهاتوو سی فۆر کورد نابینم لە بازاردا بێت، بەلآم دڵخۆشم کە هیوایەکم هەیە ژمارە ٥٥ ببینم لە ماوەیەکی تردا و بە شێوازێکی نوێ و داهێنانێکی نوێ بێتەوە لاتان، ئەگەر منیش دەرفەتی بینینی ژمارە ٥٥ م نەبوو ئەوە توخوا ئێوە هەوڵی بۆ بدەن و با ئەم گۆشەیە هەر بەردەوام بێت :)

www.c4kurd.com